# اللغويات النفسية في الأسطورة الكردية

د. رزگار ئيسماعيل كەريم
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين – أربيل
rizgar.kareem@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الأسطورة، الأسطورة الكردية، اللغة وعلم النفس، علم اللغة النفسي، الأسطورة وعلم النفس.

**كيفية اقتباس البحث**

كەريم , رزگار ئيسماعيل , اللغويات النفسية في الأسطورة الكردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Psycholinguistics in Kurdish Mythology

Dr.Rzgar Ismail Karim
Department of Kurdish Language, College of Language, Salahaddin University – Erbil
rizgar.kareem@su.edu.krd

**Keywords** : Mythology, Kurdish Mythology, Language and Psychology, Psycholinguistics, Mythology and Psychology.

**How To Cite This Article**
Karim , Rzgar Ismail , Psycholinguistics in Kurdish Mythology ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This research, titled "Psycholinguistics in Kurdish Mythology, is a scholarly attempt to identify the value of and analyze Kurdish Mythology through the perspective of psycholinguistics. At present, the school of psycholinguistics is considered one of the most significant approaches for examining and interpreting Mythology texts. It plays a crucial role in unraveling the deeper meanings of Mythology within the discipline of Mythology studies and provides a detailed psychological and personality-based analysis of its linguistic dynamics. This analysis is conducted through linguistic dissection, focusing on how language structures are organized and their psychological effects within these texts. Mythology emerges not only as a linguistic and psychological artifact but also as a deeply interconnected phenomenon between these two sciences, with significant mutual influence.

The research follows a descriptive-psycholinguistic methodology to analyze folklore texts within the context of the central Kurdish dialect. Its importance lies in highlighting the inner and magical power of the words

and phrases commonly used in Mythology texts, which create a profound psychological impact on the audience.

The study is divided into two sections. The first section deals with the theoretical framework which addresses the essence and definitions of folklore, its significance, the relationship between Mythology and psychology, and the concept of psycholinguistics. It discusses themes such as the psychological school of thought, language in psychology, the scope of psycholinguistics, and their implications for growth and development.

The section which is the practical section presents an analysis of selected Kurdish folklore texts from a psycholinguistic perspective.

The research concludes with findings, references, and summaries in English and Arabic. This study; In addition to the introduction, conclusions, summary in Kurdish and list of sources, it consists of two parts.

Part One; The research consists of several theoretical aspects and includes the following topics: (Concept and definition of myth, importance of myth, myth and psychological science, language and psychology, school of psychoanalysis, the concept of psycholinguistics and its origins, boundaries and fields, psychological meaning), Part II; The first part of the research is the relationship between language, mind and mythology, Kurdish mythology and its characteristics, and then it focuses on the analysis of several mythological texts Kurdish from the perspective of psychological linguistics. Finally, the research ends with a summary of Arabic and English.

## الملخص

إن هذا البحث الذي يحمل عنوان: (اللغويات النفسية في الأسطورة الكردية) هو محاولة علمية للتعريف بقيمة الميثولوجيا الكردية وتحليلها من منظور (اللسانيات النفسية)، لأن مدرسة علم النفس حاليا تعتبر من أهم المدارس التي تلعب دورا كبيرا في تفسير النصوص الأسطورية ضمن علم الأساطير وتقوم بإجراء تحليل مفصل للشخصية وأبعادها النفسية المختلفة. و هذا التحليل يتم تتشكيله من خلال التعبيرات اللغوية. لتلك الأساطير، إذا تعد؛ وهي ظاهرة لغوية ونفسية لها علاقة قوية بكلا العلمين.

يتبع البحث المنهج (الوصفي النفسي) في تفسير نصوص الأساطير في إطار اللهجة المطوسطة الكردية. تكمن أهمية البحث في أن أغلب الكلمات والعبارات اللغوية المستخدمة في النصوص الأسطورية لها قوة نفسية وسحرية وتؤثر على نفسية المتلقى. وتنقسم الدراسة إلى قسمين: القسم الأول؛ يتكون من الإطار النظري للبحث ويركز أولا على؛ مفهوم الأسطورة وتعريفها، أهمية الأسطورة والأسطورة وعلم النفس، المدرسة النفسية، اللغة وعلم النفس، مفهوم اللسانيات النفسية ونشوئها وتطورها، ثم ناقش المعنى النفسي، القسم الثاني؛ هو: تحليل عدة نصوص من الاسطورة الكردية من الناحية اللغوية النفسية. وأخيرا تم عرض



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين الإنجليزية والعربية. تتألف هذه الدراسة، بالإضافة إلى المقدمة والاستنتاجات والملخص باللغة الكردية وقائمة المصادر، من جزأين.
الجزء الأول: يتناول البحث جوانب نظرية متعددة، ويشمل المواضيع التالية: (مفهوم الأسطورة وتعريفها، وأهميتها، وعلاقتها بعلم النفس، واللغة وعلم النفس، ومدرسة التحليل النفسي، ومفهوم علم اللغة النفسي وأصوله وحدوده ومجالاته، والمعنى النفسي). الجزء الثاني: يتناول الجزء الأول العلاقة بين اللغة والعقل والأساطير، والأساطير الكردية وخصائصها، ثم يركز على تحليل عدد من النصوص الأسطورية الكردية من منظور علم اللغة النفسي. ويختتم البحث بملخص باللغتين العربية والإنجليزية.

## زمانەوانیی دەرونی لە ئەفسانەی کوردیدا

**د. ڕزگار ئیسماعیل کەریم**
rizgar.kareem@su.edu.krd
**بەشی زمانی کودی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**

### پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی: (زمانەوانیی دەرونی لەئەفسانەی کوردیدا)یە، هەوڵێکی زانستییە بۆ ناساندنی بەهاو شیکردنەوەی ئەفسانەی کوردی لە ڕوانگەی (زمانەوانیی دەرونی) یەوە، چونکە لە ئێستادا قوتابخانەی دەرونی بەیەکێك لەگرنگترین ئەو قوتابخانانە دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاو لە لێکدانەوەی دەقە ئەفسانییەکان لەناو زانستیی ئەفسانە ناسیدا دەبینێ و شیکردنەوەی ورد لەسەر کەسایەتی و ڕەهەندە دەرونییە جیاوازییەکانی دەکات، چۆنییەتی ئەم شیکردنەوەیەش لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دادەڕێژرێن.
توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی: (وەسفی– دەرونی) دەکات بۆ لێکدانەوەی دەق ئەفسانییەکان، لەچوارچێوەی سنوری زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی سیمارێژ دەکات، بەوەی زۆربەی ئەو وشە و دەستەواژە زمانییانەی، کە لە دەقە ئەفسانییەکان بەکاردێن، هێزێکی دەرونی و سحرییان هەیە و کاریگەریی لەسەر دەرونی بەرامبەر دروستدەکەن.
توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو بەش کراوە، بەشی یەکەم؛ لەچوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پێکهاتووە و تێیدا سەرەتا تیشك دەخرێتە سەر؛ چەمك و پێناسەی ئەفسانە، گرنگیی ئەفسانە، ئەفسانە و زانستیی دەروونناسیی، قوتابخانەی دەرونی، زمان و زانستیی دەروونناسیی، چەمکی زمانەوانیی دەرونی و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی، دواتریش باس لە واتای دەرونی کراوە، بەشی دووەمیش؛ بریتییە لە: شیکردنەوەی چەند دەقێکی ئەفسانەی کوردی لەڕووی زمانەوانیی دەرونییەوە. لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەفسانە، ئەفسانەی کوردی، زمان و دەروونناسیی، زمانەوانیی دەرونی، ئەفسانە و دەروونناسیی.

### - پێشەکی:

#### (١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە و بوارەکەی:

ئەم توێژینەوەیە؛ بەناونیشانی: (زمانەوانیی دەرونی لەئەفسانەی کوردیدا)یە. توێژینەوەکە هەوڵێکی زانستییە بۆ خوێندنەوەی ئەفسانەی کوردی لەڕوانگەی (زمانەوانیی دەرونی)یەوە.

**(٢/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە؛ پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی-دەروونی) کردووە بۆلێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەفسانەییەکان.

**(٣/٠) سنووروکەرەستەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە؛ لەسنووری زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە، تێیدا چەند دەقێکی ئەفسانەی کوردی ئەم زارە وەك کەرەستەی توێژینەوەکە وەرگیراوە و لەچوارچێوەی زمانەوانیی دەروونی و پەیوەست بەکاریگەریی زمان لەسەر دەرون، تاوتوێدەکات.

**(٤/٠) گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، باری دەرونیی کارەکتەرو پاڵەوانەکانی نێو دەقە ئەفسانەییەکان لەکاتی دەربڕینە زمانییەکاندا شیدەکاتەوە، کە لەچ دۆخێکی دەرونیدان، چونکە کاتێك وشە و دەربڕینە زمانییەکان لەدەمی کارەکتەرەکان دەردەچن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك فۆرمی زمانی جۆراوجۆریی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەم فۆرمە زمانییانە بەپێی دەوروبەر، بەهەست و سۆزی دەرونی کارەکتەرەکانەوە بارگاوی دەبن.

**(٥/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

گرنگترین هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە؛ بریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- لە لایەنێکی گرنگیی زمان دەکۆڵێتەوە، کەلایەنی (دەرونی)یە.

٢- گرنگیی و بەستنەوەی ئەفسانە بەرەهەندی دەرونی لەزماندا.

٣- دەستنیشانکردنی باری دەرونی ئاخێوەر لەکاتی دەربڕینی دەقە ئەفسانەییەکان.

**(٦/٠) ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕەنگدانەوەی کاریگەریی زمانە لەسەر دەرون لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا. واتە؛ زانین و دیاریکردنی باری دەرونی کارەکتەرەکان لەکاتی دەربڕینەکانیان و کاریگەریی و لێکەوتنەکانیان لەسەر دەرونی خود و بەرامبەر. بۆئەم مەبەستە، توێژینەوەکە ویستویەتی لەڕێگەی گرنگترین ئەم پرسیارانەی خوارەوە، وەڵامی پرسیارەکانی دەستکەوێت:

١- ئایا زمان کاریگەریی دەرونی لەسەر بەرامبەر دروستدەکات؟

٢- ئایا دەربڕینە زمانییەکانی نێو ئەفسانە، هەڵگری هەست و سۆز و واتای دەرونین یان نا؟ چۆن؟دەتوانرێت لە ڕوانگەی (زمانەوانیی دەرونی)یەوە لێیان بکۆڵدۆێتەوە؟

**(٧/٠) ناوەڕۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە؛ جگە لەپێشەکی و ئەنجام و پوختە بەزمانی کوردی و لیستی سەرچاوە، لەدوو بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم؛ چەند لایەنێکی تیۆری توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و تێیدا ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: (چەمك و پێناسەی ئەفسانە، گرنگیی ئەفسانە، ئەفسانە و زانستی دەروونناسی، زمان و دەروونناسیی، قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونی، چەمکی زمانەوانیی دەرونی و سەرهەڵدان و سنوورو بوارەکانی، واتای دەرونی)، بەشی دووەمیش؛ لایەنی کارەکی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و سەرەتا باس لەپەیوەندیی نێوان: (زمان و دەرون و ئەفسانە، ئەفسانەی کوردی وتایبەتمەندییەکانی) کراوە، دواتریش تیشك خراوەتەسەر شیکردنەوەی چەند دەقێکی ئەفسانەی کوردی لەڕوانگەی (زمانەوانیی دەروانی)یەوە، لەکۆتاییشدا توێژینەوەکە بە پوختەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی کۆتایی پێهاتووە.

**- بەشی یەکەم: ئەفسانە و تێڕوانینێکی تیۆری:**

**(١-١) ئەفسانە (چەمك و تێڕوانن):**

چەمکی (ئەفسانە) پێکهاتەیەکی فرە ڕەهەند و فرە ڕەگەزە، وەك دیاردەیەکی کەلتووری و مرۆیی دەرکەوتەی هەیە، ئەمەش وایکردووە بەوردی بکەوێتە بەر تیشکی توێژینەوەی بوارە جیاجیاکان و لەنێو پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ئەفسانەناسی بۆچوون و ڕوانگەو پێناسەی جیاوازیی بۆ بکەن. بۆیە (یۆنگ)لەبارەی سەختی ناساندنی ئەفسانەوە دەڵێت: ((هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ شرۆڤەکردنی ئەفسانەو چەمکەکەی دراوە، نەبۆتە هۆی ئەوەی لێی تێبگەین))(عبدالتواب، ٢٠١٩، ص٦)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك پێناسە هەن، کەزۆر، یان کەم، وێنای ئەم چەمکە (ئەفسانە) دەکەن. لێرەدا هەوڵدەدرێت چەردەیەك لە پێناسەکان بخرێتەڕوو، بەتایبەت هەڵبژاردنی ئەو ڕوانگە و پێناسەیەی، کە بەخودی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە.

(میریا ئیلیادە) لەڕوانگەیەکی ئاینییەوە چەمکی (ئەفسانە) دەناسێنێت و دەڵێت: ((مێژو و چیرۆك و ڕووداوێکی پیرۆز دەگێڕێتەوە، کە لەزەمەنە سەرەتاییە سەرسوڕهێنەرەکانەوە ڕوویانداوە)) (ایلیاد، ١٩٩٥، ص١١). لێرەدا (ئیلیادە) جەخت لەسەر موڵکی پیرۆزی و ڕاستی ڕوودانی ئەفسانەکان لەزەمە سەرەتاییەکاندا دەکاتەوە.

نووسەرو ئەفسانەناسی ئەمریکی (جۆزێف کامبڵ) ئەفسانە بەدیاردەیەکی جیهانی وەسف دەکات و دەڵێت: (( ئەو دەرگا نهێنییەیە، وزەی جیهانی لێوە دەردەپەڕێ، ئەو وزەیەی کۆتایی نایە و دەڕژێتە نێو دەریای کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە)) (کامبڵ، ٢٠٢٠، ل١٩). واتە؛ ئەفسانە دەرکەوتەیەکی گەردونییە و وزەکەی دەڕژێتە نێو ڕەهەندە جیاوازەکانەوە، کە بەدرێژایی ڕۆژگار لەهزرو ئاوەزی مرۆڤەکان کەڵەکەبووە.

(ناهید تولسلی) لەچوارچێوەی ڕەهەندی دەروونییەوە ئەفسانەوە دەناسێنێت و دەڵێت: ((ئەفسانە؛ بەرجەستە کردنی کۆی هەستی مرۆڤەکانە، هەروەها هێمایەکیشە لەبێ ئاگایی مرۆڤ و بەشێك لەلایەنی پەنهان و نادیاریی هزریی مرۆڤ پێکدەهێنێت، چونکە ئەفسانە زۆرترین و نزیکترین پەیوەندیی بە لاشعورەوە هەیە)) (حەمە غەریب، ٢٠١٩، ل٦١). واتە؛ ئەفسانە ڕۆڵێکی گرنگ لەنەخشاندنی گرێ دەروونییەکان دەبینێت و هەستە جیاوازییەکانی مرۆڤ لەدەوروبەری جیاوازدا بەرجەستە دەکات.

جێی ئاماژەییە، جگە لەتوێژەرو نووسەرانی بیانی، پسپۆرو توێژەرانی کوردیش، لەڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی ئەفسانەیان کردووە. بۆ نموونە: (مەولود ئیبراهیم حەسەن) نووسەر و ئەفسانەناسی کورد، بەشێوەیەکی فراوان پێناسەی ئەفسانە دەکات و دەڵێت: (( ئەفسانە؛ ئینسکلۆپیدیایەکی کۆن و دەوڵەمەندو پڕ بابەت و پڕ نهێنی مرۆڤ خۆیەتی و هەموو مرۆڤایەتی بەهەموو قۆناغەکانی ژیانییەوە، هەموو نەتەوەیەك بەهەموو ئاستەکانی ژیان و ڕۆشنبیرییەوە، هەموو جوگرافییایەکی ژیان بەهەموو جیاوازییەکانییەوە، لەپێکهێنان و دەوڵەمەندکردنی ئەم سەرمایە مرۆڤایەتییە هاوبەشن)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ل٢٥). واتە؛ ئەفسانە کۆگایەکی گشتگیریی دێرینی مرۆڤایەتییە و ڕۆڵی گرنگ لەدەوڵەمەنکردنی فەرهەنگی زمان و ئاستە جیاوازەکانی بواری: (کەلتوورو کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، ...هتد) میللەتان دەبینێت.

هەروەها(عزەدین مستەفا ڕەسول) لەچەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە چەمکی ئەفسانە ڕوندەکاتەوە و دەڵێت: ((دەتوانین لەکونجی ئەفسانەوە بڕوانینە ئەفسانە، کە بەجۆرێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەك بەهەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ دەزانرێت بۆ ئەوەی

لەجیهان بگات)) (ڕەسول، ٢٠١٠، ل١٧). واتە؛ لەڕێی ئەفسانەوە مرۆڤ دەتوانێت لەنهێنییەکانی جیهان بگات.

بەتێڕوانین و وردبوونەوە لەو پێناسە و ڕوانگە جیاوازییانەی سەرەوە، کە بۆ چەمکی ئەفسانە خرانەڕوو، دەکرێت بڵێین:

- ئەفسانە؛ یەکێکە لە گەوهەرە دێرینەکانی هزریی مرۆڤ بۆماوەیەکی دووروودرێژ بەرامبەر بە سروشت و دەورووبەر.

- ئەفسانە؛ هێمایەکی جیهانی هەر میللەتێکە، کاریگەریی و لێکەوتەکانی؛ لەهەست و ئاوەزی مرۆڤ سیمارێژدەکات .

- ئەفسانە؛ فەلسەفەیەکی هەمەڕەنگی نێو کۆمەڵگەیە. واتە؛ ئەو بەسەرهاتوو بەهاو ڕووداوانە وێنە دەکات، کەڕەنگدانەوەی ئەو کەتوارەن، کەتێیدا دەژی.

پەیوەست بەم توێژینەوەیە (ڕوانگەیەکی دەروونی) بۆ چەمکی ئەفسانە: ئەفسانە؛ گوزارشت لەهەست و بیرکردنەوە و ئەرکە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکات لەچوارچێوەی تێڕوانینی بۆ ڕووداوە جیاوازەکان و سروشت و دەورووبەر.

### (٢/١) گرنگیی ئەفسانە:

بەگشتی هەرلەسەرەتاکانی دەرکەوتنی بیرۆکەی ئەفسانە[١] و تاکو ئێستاش، ئەفسانە گرنگیی و تایبەتمەندیی خۆی لەدەستنەداوە و ئەرکی جیاوازیی دیوە، چونکە ئەفسانە کردەی وێنەکردنی کۆمەڵگەیە، هەروەك (ڕۆلان بارت) دەڵێت: ((ئەفسانە؛ ئامرازی پەیوەندیکردن و گەیاندنە، واتە؛ پەیامە، ئەم جۆرە تێگەیشتنەش هەڵی ئەوەمان پێدەدات، کە ئەفسانە بابەتێك، یان بیرۆکەیەك نییە، بەڵکو دارشتنێکی واتادارە)) (بارد، ١٩٩٠، ص٥).

ئەفسانە؛ ئەزموونی بیریی مرۆڤە و بەردەوام هەوڵیداوە ئەو ئەزموونە بەزیندویی بهێڵێتەوە و بۆنەوەکان بگوازێتەوە و پارێزگاریی لێ بکات. واتە؛ گرنگیی ئەفسانە لەوەدایە، کە بەهێزترین و گەورەترین توخمە بۆ ناساینی کەلتوور و کەلەپوری هەرمیللەتێك، وەکو هێزێکی سەرەکی لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا سیستەم و دابونەریتەکانی کارا دەکات (ئیسماعیل و شەریف، ٢٠٠٤، ل١٦١). هەر لەمبارەیەوە توێژەری بەناوبانگی ئێرانی (میهرداد بەهار) دەڵێت: ((توێژینەوە لەسەر ئەفسانەی هەر میللەتێك، لەهەموو بوارەکاندا، یارمەتیدەری ئێمەیە بۆ ناسینەوە و شرۆڤەکردنی مێژووی گەشەسەندنی ژیارو کەلتووری ئەو نەتەوەیە)) (بهار، ١٣٧٥، ص٣٦١، لە: خۆشناو، ٢٠١٣، ل١٧) وەرگیراوە. واتە؛ یەکێك لەڕێگاکانی ناسینەوەی کەلتوورو مێژووی هەر میللەتێك، بریتییە لە ئەفسانە.

ئەفسانە؛ لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا بەدیدەکرێت و هەمیشە لەخۆ نوێکردنەوەدایە و ڕەنگدانەوەی لەڕێوڕەسمە جیاوازەکاندا هەبووە و هەیە، ئەگەر ئەم کەرەستانە پێشتر خەیاڵ بوون، ئێستا ئەم خەیاڵانە بوونەتە ڕاستی و بەچاوی سەر دەیانبینین، بۆ نموونە: ئەگەر پێشتر (سیمرخ) بووبێت، ئەوا ئێستا بووتە (فڕۆکە). هەر لەم چوارچێوەیەدا نووسەری ڕوسی (م.ف.ئەلبیدل) لەکتێبی: (سحری ئەفسانە)دا دەڵێت: ((دەنگ و ڕەنگی ئەفسانە هەمیشە ئامادەیە و بوونی هەیە، ئەفسانە کۆنەکان تا ئێستاش بەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵماندا دەژین)) (عەباس، ٢٠٢١، ل٧). لێرەدا دەردەکەوێت، لەپشت هەر ئەفسانەیەکدا، کۆمەڵێك چێژو واتای سیحراوی و ڕازو نهێنی جیاواز بەدیدەکرێت، کە کاریگەریی جیاواز لەسەر لایەنی دەروونی دروستدەکەن.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

هەروەها لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شارستانییەت و تەکنەلۆژیا، ئەفسانە توانیویەتی خۆی بگونجێنێ و لەزۆر بواردا سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە مرۆڤ هەرچەندە بەردەوام بێت و هۆیەکانی تەکنەلۆژیا بەرەو پێش بڕوات، هەمیشە پێویستی بەوە هەیە ڕابردووی خۆی بخوێنێتەوە و لێی وردبێتەوە. بەمجۆرە؛ ئەفسانە لەهەر قۆناغێکدا ئەو بەرگە ئەفسونییەی دانەکەندووە، کە مرۆڤ پەنای بۆنەبات و بەردەوام خۆی تێدا نەدۆزێتەوە، هەر ئەمەش جۆرێك لە(بەردەوامی و زیندوێتی) بە ئەفسانە بەخشیوە (سابیر، ٢٠١٧، ل٢٤).

کەواتە؛ ئەفسانە گەوهەرێکی گرنگیی نێو بنەماڵەی ئەدەبی فۆلکلۆری هەر میللەتێکە، بەها و کەلەپووری تێدا خەزنکراوە و پارێزراوە، لەهەمانکاتدا خاڵی دەستپێك و دەرچوون بووە بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی بواری؛ مێژوو، ئابووری، پەروەردە،...هتد.

## (٣/١) ئەفسانە و زانستیی دەروونناسیی:

### (١-٣/١) چەمکی دەروونناسیی:

بەگوێرەی گەشەسەندنی قۆناغە جیاوازەکانی زانستیی دەروونناسیی(psychology)[٢] و بەپێی قوتابخانە دەروونییەکان، دەبینین ئەم زانستە(دەروونناسیی) لەنێو شارەزایان و پسپۆران تێڕوانین و پێناسەی جیاوازیی بۆکراوە، بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا هەندێک پێناسەی بۆ دەخرێتەڕوو:

دەروونناسیی: ((توێژینەوەیە لەهۆش و چۆنییەتی کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری خەڵك)) (j.Rihards, 2003,p1321). واتە؛ ئەم زانستە لەهەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و کاریگەرییەکەشی دەستنیشاندەکات.

لەپێناسەیەکی تری دەروونناسییدا هاتووە: ((زانستێکە توێژینەوە لەهەڵسوکەوت و کارو چالاکییەکانی عەقڵ دەکات)) (الصليجى، ١٩٧٢، ص٢٤). لەو پێناسەیەدا دەردەکەوێت، یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی زانستیی دەروونناسیی ئەوەیە؛ کار لەسەر چالاکییە جۆراوجۆرەکانی عەقڵ، وەك: (خەیاڵ، بیرکردنەوە، وەرگرتن و تێگەیشتن،...هتد) دەکات و لەڕێی ئەو چالاکیانەوە کەسێتی تاك کارلێك دەکات و لەڕەفتاریدا ڕەنگدەداتەوە.

هەروەها لەپێناسەیەکی تردا دەوترێت: ((دەروونناسی؛ ئەو زانستەیە لەڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە لەئەنجامی ورووژێنەرەکان دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفی و ئەزموونەکانیدا دەگەڕێت)) (عەزیز، ٢٠١٤، ل٢٠). لەم ڕوانگەیەوە؛ ڕەفتارەکانی مرۆڤ، کە هەڵقوڵاوی ورووژێنەرە دەرەکی و ناوەکییەکانێتی، دەروونناسییش ئەرکی توێژینەوەی ئەو ڕەفتارانە دەگرێتە ئەستۆ، کە کارلەمرۆڤ دەکەن.

بەتێڕوانین لەزۆربەی ئەو پێناسانەی سەرەوە، کە بۆ ئەم زانستە خرانەڕوو، دەردەکەوێت دەروونناسیی توێژینەوە لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەکات، ئەوانیش بریتین لە: (ڕەفتارو عەقڵ)، ئەو دوو بنەمایەش لەئەنجامی ورووژێنەرە جیاوازەکانەوە دروستدەبن و کاریگەریی لەسەر تاك دروستدەکەن.

### (٢-٣/١) پەیوەندی زانستیی دەروونناسیی بە ئەفسانە:

ئەفسانە؛ بیرۆکەی هزریی ڕۆشنبیریی مرۆڤە و لەناوەڕۆکەکەیدا گوزارشت لەوێنەی لایەنی دەروونییەکانی مرۆڤ دەکات، بۆیە هەر ئەفسانەیەك هێزێکی دەروونی تایبەتی تێدایە، کەتێیدا: ((کۆنترۆڵی ئاگایی مرۆڤ دەکات، بەجۆرێك ئاگایی مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەژێر ئەو شکۆو کاریگەرییە بەهێزەی ئەفسانەکان دەربێنێت)) (مصطفوی، ٢٠١٤، ص٣٧). واتە؛ لەڕێی ئەفسانەوە هەستە کەپکراوە ناوەکییەکانی مرۆڤ، دەتوانرێت گوزارشتییان لێ بکرێت.

پەیوەندیی دەروونناسیی لەگەڵ ئەفسانەدا پەیوەندییەکی دێرین و دوولایەنی تەواوکەرییەو جیاکردنەوەشیان لەگەڵ یەکتریدا ئەستەمە، چونییەتی ئەو پەیوەندییەش هەرلەوکاتەوە دەستیپێکرد کاتێك مرۆڤ لەچاخی بەردیندا دەیویست لە دڵەڕاوکێی تێنەگەیشتنی ئاڵۆزییەکانی ئەم گەردوونە ڕزگاریی بێت، بۆ ئەمەش پەنای بۆ دروستکردنی ئەفسانەکان برد. واتە؛ ئاڵۆزی و حەزی دەرون و خەون و خەیاڵی دەروونی مرۆڤ ئەفسانەی دروستکرد.

کەواتە؛ یەکێك لەهۆکارەکانی دەستگرتن بەئەفسانە پەیوەستبوونە بەلایەنی دەروونی و روحییەوە، کەزۆرجار هێزی ئەفسانەیی چارەسەری زۆر لەو گرفت و کێشە دەروونیانە دەکات، کە مرۆڤایەتی لەدوای ڕووداو و کارەساتەکانەوە دووچاریان دەبێتەوە (ئیسماعیل و شەریف، ٢٠٠٤، ل١٦٢)، لەمبارەیەوە (کامبڵ) دەڵێت: ((ئەفسانە؛ کاریگەرییەکەی وات لێدەکات هەستبکەی، کە توانای کامڵبوونی دەرونت هەیە)) (کامبڵ، ٢٠١٠، ل٢٥٣)، هەروەها وادەکات دەرون هەست بەجۆرێك لەخۆشی و ئارامی بکات، هەروەك (مەولود ئیبراهیم حەسەن) دەڵێت: ((ئەفسانە؛ لەیارمەتیدان ناوەستێت، تۆلە هەر ڕوویەك پێویستت بەئەفسانە هەبێت، ئەوا باوەش و دڵی کراوەیە و بەردەوام جار لەدوای جار ڕووخۆشتر و لەگەڵت دەست بڵاوترە (حەسەن، ٢٠٢٠، ل٣٥).

لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە گرنگییەی نێوان دەروونناسیی و ئەفسانە چەند قوتابخانەیەك هاتەکایەوە، کە بەڕابەرانی گرێدانی ئەفسانە بەزانستیی دەروونناسیی ناوزەندکران، لەدیارترین ئەو ڕابەرانە (سیگمۆند فرۆید) بوو، کە بەیەکەم دەروونناس بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەی پەیوەندیی زانستیی نێوان دەروونناسیی و ئەفسانە دادەنرێت[٣]. پەیوەندیی دەروونناسیی بە ئەفسانە لەلایەن (فرۆید)هوە زیاتر لەو بیرۆکانەوە سەرچاوەی گرت، کە پێی وابوو؛ دەقە ئەفسانەییەکان چاکترین ڕێگەی دەربڕاندنی ئارەزوە کپکراوەکانی لاشعوری مرۆڤن، چونکە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگە و دابونەریتە خێڵەکییەکاندا تەنها بەئەفسانە توانیویەتی ئارەزووە کپکراوەکانی تێربکات، بۆیە ئەفسانەکان بە لەدایکبوونی ئەو هەستانە دادەنرێن، کە بەخەفەکراوی لەنەستی مرۆڤدا پارێزراون. هەروەها هەوڵیداوە وەك خەون لەئەفسانە بڕوانێت، بۆیە بۆچوونی وابووە؛ بەشیکردنەوەی خەون دەتوانرێت ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لەجیهانی ئەفسانە بدۆزرێتەوە، ئەو خاڵەشی خەون و ئەفسانەی بەیەك دەگەیاند، زمانی ڕەمزبوو، لەبەرئەوەی هەردووکیان ببوون بە ئاوێنەیەك بۆ نیشاندانی زمانی لاشعور (السواح، ٢٠٠١، ص١٦).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەفسانە و زانستیی دەروونناسیی پەیوەندییەکی دووسەرەی گرنگیان بەیەکەوە هەیە و یەکتر تەواو دەکەن، چونکە دەقە ئەفسانییەکان هەڵقوڵاوی بیرۆکەی لایەنی دەرونن، دەروونناسییش بەیەکەم توخم و بەردی بناغەی ئەفسانەکان دادەنرێن.

**(٤/١) زمان و زانستیی دەروونناسیی:**

هەموو زانستەکان بەشێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر پەیوەندییان بەزمانەوە هەیە و سوودی لێ وەردەگرن، لەبەرئەوەی بابەت و کەرەستەکانیان لەڕێی زمانەوە گوزارشتییان لێ دەکرێت، هەر بۆیەش زمان سەرنجی زانا و فەیلەسوفانی بواری زانستە جیاجیاکانی ڕاکێشاوە. بەمشێوەیە؛ زانستیی زمان لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ زانستەکانی تردا هەیەتی، وەك: (دەروونناسیی، کۆمەڵناسیی، مێژوو، بایۆلۆجی،...هتد)، وایکردووە چەندین لقی نوێی زانستیی زمان سەرهەڵبدات، لەوانە: (زمانەوانیی جوگرافی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانیی بایۆلۆجی،...هتد).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان زانستیی زمان و زانستیی دەروونناسیی هەیە، بەجۆرێك چوونەتە ناو یەك و تێکئاڵاون، جیاکردنەوەیان لەگەڵ یەکتریدا ئەستەمە، چۆنییەتی پەیوەندییەکەشیان بۆسروشتی زمان دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی زمان بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆڤ، دەروونناسییش بەگشتی ئەو زانستەیە، لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە (الضامن، ١٩٨٩، ص٤٠). کەواتە؛ ڕەفتاری زمان (Language Behariour) خاڵی هاوبەش و نزیککردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو لقە زانستەیە.

زمان پەیوەندیی گرنگی بەلایەنی دروونی مرۆڤەوە هەیە[٤]، چونکە زمان بەرهەمی کردە سایکۆلۆجییەکانە، کەتایبەتە بە کەس و یەکەی پێکهاتەکانی دەرون، هەروەها وەرگێڕانی ئەو شتە نادیارانەیە، کە لەمێشکدا دەسوڕێنەوە و بەهۆیەوە بەدەردەکەون. واتە؛ زمان لای مرۆڤ تەنها لەسەر بنەمایەکی ژیریێژیی بنیاتنەنراوە، بەڵکو هەست و سۆزی دیاریکراویش لەخۆدەگرێت (عارف، ٢٠١١، ل٤)، هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکانیش ئەو بابەت و کەرەستە سەرەکییانەن، کە زانستیی دەروونناسیی توێژینەوەیان لەسەر دەکات، ئەمانەش لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێن.

دەرکەوتەی ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان زمان و دەروونناسیی ئاماژەن بەوەی هیچ کامیان ناتوانن یەکتر پشتگوێبخەن، لەمبارەیەوە هەندێك لەزانایان پێیانوایە[٥]؛ ئەگەر توێژینەوە زمانەوانییەکان پشت بە توێژینەوەی هێزە دەروونییەکان نەبەستن، ئەوا بەتوێژینەوەی ناتەواو هەژمار دەکرێن، هەروەها پێویستە توێژینەوە دەروونییەکانیش پشت بە ئەنجامەکانی زانستیی زمان ببەستن (ساڵح، ٢٠٢٠، ل٢٦).

گومانی تێدانییە هەر دەربڕینێکی زمانیی ڕەنگدانەوەی باری دەرونی ئاخێوەر نیشاندەدات، هەروەك (ئەرستۆ) دەڵێت: (( وشە کاتێك لەڕێگەی دەنگەوە دەردەبڕێت، نیشانەی زادەی گەوهەری دەرونە)) (میدیا، ١٩٨٩، ل٣٤). هەر لەم ڕوانگەیەوە (هۆگۆ شۆخارت) دەڵێت: ((زمان بەرهەمی دەرونی تاکەکەسێکە))(افیتش، ٢٠٠٠، ص٩٥)، هەر گۆڕانێکیش لەباری دەرونی ئاخێوەر ڕوبدات، ئەوا ڕاستەوخۆ بەدوایدا دەربڕاوەکانیش گۆڕانکاریيان بەسەردێت.

چەندین بوارو بابەت هەن، ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی نێوان (زمان و دەروونناسیی) بەئاشکرا دەردەخەن، گرنگترینیان بریتین لە: (زمان و بیر، زمان و کەسێتی، شیکردنەوەی دەرونی، وەرگرتنی زمان، چەمکی واتا)، لەو پەیوەندییەی نێوانیشیاندا لقە زانستێکی نوێی زمان بەناوی (زمانەوانیی دەرونی) سەریهەڵدا. سەرەڕای سودوەرگرتنی نێوان ئەم دوو زانستە لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لەگۆڕەپانی توێژینەوەکانیاندا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و جیاوازن.

### (٥/١) قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونی:

دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە (فرۆید)ی پزیشك و دەروونناس بوو، کە هەندێک کەس بەباوکی زانستیی دەروونناسیی لەقەڵەمی دەدەن و دەڵێن: ((دەروونناسیی بە(فرۆید) دەستپێدەکات و هەر بەئەویش کۆتایی دێت)) (عدس و قطامی، ٢٠٠٢، ص١٨). ئەم ڕێبازەی (فرۆید) شۆڕشێکی گەورەی لەناو زانستیی دەروونناسیی بەرپاکرد و زۆر کەس لەدوای خۆیدا پەیڕەوییان کرد، بەناوبانگترینیان: (یۆنگ، فرۆم، کاردینەر)، کە بەدامەزرێنەری (قوتابخانەی نوێی شیکردنەوەی دەرونی) دادەنرێن.

(فرۆید) ئەم قوتابخانەیەی لەسەر: ((بنەمای بیردۆزێك بۆ توێژینەوە لەسەر کەسایەتی دامەزراند)) (هول، ١٩٨٨، ص١٨) لەمبارەیەوە کەسایەتی مرۆڤی بۆ سێ بەش دابەشکردووە، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ئەو(Id): لایەنی بایلۆجی دەگرێتەوە و پەیوەستە بە بێئاگایی، کە لەژێر هەڵومەرجی چێژ کاردەکات، لەم بەشەدا هەریەك لە: (من و منی باڵا)ی لێ بەرهەمدێت.
- من (ego): بەچەقی ئاستی ئاگایی دادەنرێت، بۆ تێرکردنی پێداویستستییەکانی (ئەو) کاردەکات بەپێی هەڵومەرجی کەتوارو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبوونی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەدا، هەروەها گوزارشت لەدرکپێکردن و بیرکردنەوە و دانایی دەکات.
- منی باڵا (super ego): گوزارشت لە ویژدان دەکات و لایەنەکانی؛ کۆمەڵایەتی و ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤ دەگرێتەوە(ساڵح، ٢٠٢٠، ل١٣٣-١٢٤).

هەروەها (فرۆید) گرنگیی زۆری داوە بەپێنج ساڵی یەکەمی منداڵ و چۆنییەتی دروستبوونی کەسایەتی و قۆناغەکانی گەشەکردنی و پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوکی و کاریگەریی لەسەر کەسایەتی. بەبیروڕای (فۆرید)ئەم تەمەنی منداڵ، گرنگییەکی زۆریان لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی منداڵ هەیە و دەبێت دایك و باوك و کەسانی چواردەوری ئاگاداری بن، بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی پتەوی هەبێت و لەتێکشکان و گرێی دەرونی دووربخرێتەوە (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩، ل٢٢).(فرۆید) لەم قوتابخانەیەدا، گرنگیی بەچەند بابەتێکی ترداوە، دیارترینیان:
- دەرونی مرۆڤی دابەشکردە سەر: (هەست و پێش هەست و نەس)، لایەنی نەستی مرۆڤی کردە یەکەمین هۆکاری نەخۆشییە دەرونییەکان.
- گرنگیدان بەوزەی سێکس لەمرۆڤدا و کاریگەریی لەسەر نەخۆشییە دەرونییەکان. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل١٩-٢٠).

ڕێبازو بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە کاریگەریی زۆری کردە سەر چەندین بابەت و زانستیی، وەك: (ئەدەب، سایکۆلۆژی، زمان، پزیشکی، کۆمەڵناسیی،...هتد) بۆنموونە: پەیوەست بەبابەتی ئەدەبەوە، ئەم قوتابخانەیە لەڕوانگەی درونشکارییەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە هەبووە، کەتیایدا کارە ئەدەبییەکانیان کردە تاقیگەیەك بۆ پتەوکردن و داڕشتنی چەمك و بیروڕا دەرونییەکانی خۆیان. هەروەها وایکرد بەشێوەیەکی زانستیی پردی نێوان ئەدەب و دەروونناسیی دروستبێت و بووە هۆی ئەوەی لەناو ئەدەبدا (میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیکاریی) دروستبێت.

هەروەها لەم قوتابخانەیەدا، ڕۆڵی سەرەکی (زمان)مان بۆ دەردەکەوێت، کە تائێستاش لەشیکردنەوەی دەروونیدا پەیڕەودەکرێت، کەتێیدا درونشیکار بەپشتبەستن بەشێوازە زمانییەکە، کەلەدەمی نەخۆشەکەوە دەردەچێت، لەمێشکی خۆیدا تێبینییەکانی تۆماردەکات، چونکە دەربڕینەکانی نەخۆش گوزارشت لەخودی خۆی دەکەن و بەمشێوەیە؛ هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدان(خۆشناو، ٢٠٢٢، ل١٠٩). کەواتە؛ لێرەدا دەردەکەوێت، قسە تاکە ئامراز و کەرەستەی شیکردنەوەی دەروونییە و بەهۆیەوە ململانێ و گرفتە دەرونییەکان دەدۆزرێتەوە.

**(٦/١) چەمکی زمانەوانیی دەرونیی و مێژوویی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی:**

**(١-٦/١) مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زمانەوانیی دەرونیی:**

لەڕاستیدا، سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانیی دەرونی کۆنە و بۆ باسکردنی پەیوەندیی زمان بەدەرونەوە دەگەڕێتەوە. واتە؛ وەنەبێت پێشتر زانایان و زمانەوانان باسی دەستپێك و سەرهەڵدانی (زمانەوانیی دەرونی)یان نەکردبێت.

فەیلەسوفە یۆنانییەکان گرنگیی زۆریان بەپەیوەندیی سروشتیی زمان و دەرون داوە. بۆنموونە: لەدەقی گفتوگۆی (ئەفلاتون) لەسەر (ئەقرێتس)، کەدەربارەی زمانە، گەلێ لایەنی

زمانەوانیی دەروونی وروژاندوە. هەروەها لەبەرهەمە فەلسەفییەکانی (ئەرستۆ)، بەتایبەتی لە (هونەری دواندن)دا، کەتێیدا باسی؛ هەڵچوونی دەروونی و دەربڕینی زمانی بۆ هەڵسەنگاندنی خود و شێوازی دواندەر بۆ ڕازیکردنی گوێگر کردووە.

لەمێژووی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، تاوتوێی پەیوەندییەکانی زمان و دەرون بەردەوامبوون. بۆ نموونە: (تۆماس هۆبس- ١٥٧٧-١٦٧٩) باسی ئەوە دەکات، لە دەروونی مرۆڤدا ڕێچکەی ئارەزوومەندیی خۆڕسکی هەیە و کار لەڕەفتارو ئاخاوتنیان دەکات (ڕەسول، ٢٠١٥، ل٨٧).

کۆتایی سەدەی هەژدەهەم گۆڕانێکی گرنگیی لەبارەی چۆنییەتی کارکردنی هۆش لەڕووی زمانەوە بەخۆیەوە بینی. لەم ڕوانگەیەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی: (دیتریش تیدمان) بەهۆی ئامێرێکی تۆمارکردنەوە، چۆنییەتی گەشەی دەروونی و زمانی منداڵەکەی خۆی تۆمارکردبۆ ئەوەی تێبینی زمانەکەی بکات. دواتر بابەتە سەرەکییەکانی ئەم زانستە (زمانەوانیی دەروونی) لەلایەن: (فۆنت و بولەرو شتاینتاڵ) باسکرا، بەڵام ئەوەی زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە لێرەدا ئەوەیە، کە(فۆنت) یەکەم کەس بووە مشت و مڕی لەسەر باگگراوندی دەروونی لەزماندا کردووە.بەڵام ئەم جۆرە تێڕوانین و توێژینەوانە دەربارەی ئەم زانستە تا سەرەتای سەدەی بیستەم نەبووە هۆی ئەوەی، لقێکی زانستیی سەربەخۆ لەزمانەوانیدا سەرهەڵبدات.

سەرهەڵدانی (زمانەوانیی دەروونی) وەکو لقێکی زانستیی بۆ چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لەپەنجاکاندا شوێنیێ خۆی گرت، بەتایبەتی لە ئەمریکا وەك زانستێك چەسپاو زیاتر گەشەی کرد (هلبش، ٢٠٠٧، ص٤٠). واتە؛ ئەم زانستە دووجار گەشەیکرد: جارێکیان لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەئەوروپا و جارێکی تریشیان لەناوەڕاستی هەمان سەدە لەئەمریکا.

چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم زانستە وەک لقێکی سەربەخۆی زانستیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێك (ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستیی کۆمەڵایەتی) لەئەمریکا لەساڵی (١٩٥١) دیدارێکی بەست، کەتێیدا بانگێشتی زانایانی زمان و دەروونی کرا و بەرنامەیەکی هاوبەشی تایبەت بە (زانستیی زمانەوانیی دەروونی) دانرا. دواتر پاش دوو ساڵی تر لەساڵی (١٩٥٣) دیدارێکی تر لەمبارەیەوە لەپەیمانگەی زمانەوانیی(بلومنگتۆنی) ئەمریکی سازکرا، کەبووە هۆی تۆمارکردنی ناوی لقێکی نوێ لەفەرهەنگی زانستیدا بەناوی (زمانەوانیی دەروونی)، ساڵی دواتر (ئوسگودو سیبیۆك)، کەدوو ئەندامی هەردوو دیدارەکە بوون، ڕاپۆرتی کارنامەی (زمانەوانیی دەروونی)یان خستەڕوو، کەناسنامەی لقێکی نوێی زانستیی بوو بەناوی (زمانەوانیی دەروونی) و ناساندنی لەسەر ئاستی جیهانیدا (ڕەسول، ٢٠١٧، ل٨٨).

ئەوەی زمانەوانیی دەروونی زیاتر بەرەو گەشەسەندن بردو کەرەستەی زانستیی و لایەنی کارەکی بۆ دەستەبەرکرد، دەرکەوتنی تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی)بوو، کە دەکرێت بەقۆناغی دووەمی گەشەسەندنی زمانەوانیی دەروونی ببەسترێتەوە. بیروبۆچوونەکانی (چۆمسکی)، دەربارەی ئەم زانستە لەکاتێکدابوو، کە تێڕوانینی خۆی لەبارەی سروشتی کاری زمان و وەرگرتن و شێوازی فێربوونی زمانی لەکتێبە بەناوبانگەکەی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) بڵاوکردەوە. یەکێك لەبیرۆکە سەرەکییەکانی (چۆمسکی) ئەوەبوو، چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەبێ کۆتایی ڕستە دروستبکات؟ ئەم پرسیارەی خستە بەردەم زانایانی دەروونی، هەروەکو (گرین) باسیکردووە، کە ڕۆڵێکی گرنگیی لەهزریی بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی هەبووە، بۆیە لە گرنگیی و ناساندنی ئەم زانستەدا بۆچوونی وایە؛ توێژینەوە لەپەیوەندیی نێوان زمان و بیرو عەقڵی مرۆڤ دەکات (عارف، ٢٠١١، ل٢٩).

بەمشیوەیە؛ زمانەوانیی دەروونی وەك مەیدانێکی کارەکی و زانستیی شوێنی خۆی گرت و لەئەنجامی زانستیی زمان و دەروونناسیی بوو بەلقێکی سەربەخۆ. لەئێستاشدا ئەم لقە زمانەوانییە چەندین بوار و بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە و لەگەشەسەندن بەردەوام و پەیوەندیی لەگەڵ چەندین لقی زانستیی تر پەیداکردووە.

**(١/٦-٢) چەمك و پێناسەی زمانەوانیی دەروونی:**

زمان و دەرون دوو چەمکی پێکەوەگرێدراون، ئەرکی ئەم چەمکانەش لەئەستۆی (زمانەوانیی دەرونی)دایە، بۆیە ئەم زانستە هەروەك زانستەکانی تر لەلایەن زانایان و پسپۆرانی زمان و زانستیی دەروونناسیی بەپێی بیرو تیۆرو ڕێبازە قوتابخانەکانیان، پێناسەی جیاوازیان بۆکردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا چەند پێناسەیەکی بۆ دەخرێتەڕوو:

**- پێناسەی (زمانەوانیی دەرونی-pycholinguistics)[٦] لای زمانەوانان:**

- (دیڤید کریستاڵ) دەڵێت: ((لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی، توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و پرۆسە دەرونییەکان دەکات، لەو ڕووەی، کەدەکەوێتە بەر ئەو ڕەوشتەوە)) (crystal, 2003, p38). واتە؛ ئەم زانستە بەشێوەیەکی کردەیی کار لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەهەندە دەرونییەکان دەکات.

لەڕوانگەی (خولی) زمانەوانیی دەرونی: ((وەك دیاردەیەکی ڕەوشتی توێژینەوە لەسەر زمان دەکات لەڕووی گەشەسەندنی زمانی و ئەو کاریگەرییە دەرونیانەی، کەلەکاتی قسەکردندا ڕوودەدەن))(خولی، ١٩٨٨، ص١٢). واتە؛ ئەم زانستە لەلایەک، کار لەسەر گەشەی زمانی لەڕووی دەرونییەوە دەکات، لە لایەکی ترەوە، کاریگەریی دەربڕاوە زمانییەکان لەسەر دەرونی بەرامبەر دەستنیشاندەکات.

**- پێناسەی (زمانەوانیی دەرونی) لای دەروونناسان:**

- بەبۆچوونی (جاك ڕیچارد) ئەم زانستە: ((گرنگیی بەتوێژینەوە لەڕەفتاری زمانی مرۆڤ و کردە دەرونییەکان لەڕووی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان و وەرگرتن دەدات)) (دزەیی، ٢٠١٤، ل١٧).

لەم پێناسەیەدا دوو ڕەهەندی گرنگیی ئەم زانستەمان بۆدەردەکەوێت، یەکەمیان؛ کاریگەریی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریی تاك لەسەر زمان، دووەمیان؛ کردە دەرونییەکان کار لەسەر پرۆسەی تێگەیشتنی زمان دەکەن.

بەپێی تێڕوانینی (کۆهلەر) زمانەوانیی دەرونی؛ ئەو زانستەیە، کە زمانەوانیی و دەروونناسیی تێکەڵدەکات بۆتوێژینەوە لەبەکارهێنانی زمان وتوێژینەوە لەدەوروبەری دەرونی ( Richards, 1992,366).

ئەگەر سەیری ئەم پێناسانەی سەرەوە بکرێت، بۆمان دەردەکەوێت، هەریەکە بەشێوازێك لایەنێك، یان بوارێکی ئەم زانستەی خستۆتەڕوو، لەزۆربەی پێناسەکانیشدا جەخت لەوەکراوەتەوە، ئەم زانستە لە پەیوەندیی زمان و دەرون دەکۆڵێتەوە.

کەواتە؛ لەبەر تێڕوانین و ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەکرێت بڵێین: زمانەوانیی دەرونی؛ ئەو زانستەیە توێژینەوە لە زمان دەکات لەڕووی پەیوەندیی بەڕەهەندی دەرونییەوە.

سنوور و بوارەکانی کارکردنە زمانەوانیی دەرونی ئەوەیە، کە گرنگیی دەدات بەو بابەتانەی، کە پەیوەندیيان بە زمان و دەرونی مرۆڤەوە لە هەموو ڕوویەکەوە هەیە. واتە؛ بەگشتی سنور و بواری کارکردنی ئەم زانستە فراوانە و خۆی تەنها لەلایەنێکی دەرونی دیاریکراو نابینێتەوە.

کەواتە؛ زمانەوانیی دەروونی کار لەسەر؛ فێربوونی زمان دەکات، چ شێوازێکی دەربڕینی زمانی کار لەدەروونی مرۆڤ دەکات؟ چۆن لەڕێگەی زمانەوە کەسێتی تاکمان بۆ بەدیاردەکەوێت؟ ئەمانەو چەندان پرسیاری تر، ئەم زانستە بەپێی ڕێبازو تیۆرەکانی خۆی تاوتوێیان دەکات.

**(٧/١) واتای دەروونی:**

ڕەفتاری زمانی تاکەکان جیاوازییەکی زۆری بەرامبەر بەشت و چەمك و ڕوداوەکان هەیە، بۆیە کاردانەوەی تاك سەبارەت بەو واتایەی، کە دەیبینێت گونجاوە لەگەڵ ئەو واتایەی، کەبۆ ئەو چەمك و شتە دەبینێت، هەر لەمەشەوە جیاوازیی ڕەفتاریی دەربڕین لای تاکەکان بەدیدەکرێت. لەمبارەیەوە (ئۆگدن و ڕیچاردس) دەڵێت: ئەو دەربڕینەی، کە کەسێك بەکاریدەهێنێت هەڵگری واتایەکی تاکەکەسی دیاریکراوە و دەڵێت: جیاوازیی واتایی لەگەڵ کەسێکی تردا هەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی خودی خۆیەتی، نەك کەسێکی تر (دزەیی، ٢٠١٤، ٢٠١٤، ل٣٧-٣٧). واتە؛ دەربڕاو و ڕەفتارە زمانییەکان بەپێی مەبەستی ئاخێوەر هەڵگری واتای جۆراوجۆرن، یەکێك لەوانە؛ واتای دەروونییە، کەبەلایەنی دەروونی ئاخێوەرەوە بەستراوە.

واتای دەروونی[٧]؛ یەکێکە لەجۆرەکانی واتای ناوەسفی (بارکراو)، ((پەیوەندیی بەبارودۆخی دەروونی ئاخێوەرەوە هەیە و کاریگەریی باری دەروونی ئاخێوەر ڕاستەوخۆ لەمەبەست و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکەدا ڕەنگدەداتەوە (محەمەد، ٢٠١٠، ل٣٧). واتە؛ ئەم جۆرە واتایە، واتایەکی گشتی نییە و بەخودی ئاخێوەرەوە پەیوەستە و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش پێچەوانەی واتای هۆشەکییە (وەسفی).

ئەم جۆرە وایایە لەسەر بنەمای هەست و سۆز بنیات دەنرێت و هەست و هەڵوێستی کەس بەرامبەر بەکەس و شت و ڕوداو...هتد، دەردەخات، بۆیە جێگەی گرنگیی پێدانی زمانەوانیی دەروونییە (دزەیی، ٢٠٠٩، ل٥٠). بۆ نموونە:

**- هێڵی ئاسیاسێل بە (٥) دۆلارەو (٣) دۆلار دیاریی تێدایە.**

لەم نموونەی ڕیکلامەدا، دەبینین هەموو وشەکانی ناو ڕیکلامەکە واتای ئاساییان هەیە، جگە لەوشەی (دیاریی)، هەڵگری واتای دەروونییە، چونکە کڕیار بەراوردی هێڵەکە بەدیارییەکە دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕیکلامەوە و کارلە لایەنی دەروونی دەکات.

کەواتە؛ واتای دەروونی بەسێ شێوە دێتەبەرچاو:

١- هەڵوێستی (ئاخێوەر) دەربارەی ئەو شتەی لێی دەدوێت.

٢- هەڵوێستی (ئاخێوەر) بەرامبەر (وەرگر).

٣- ئەو کاریگەرییەی، کە (ئاخێوەر) دەیەوێت لە (وەرگر) دروستبکات (عیاد، ١٩٨٨، ص١٣٢).

**- بەشی دووەم: زمانەوانیی دەروونی لەئەفسانەی کوردیدا:**

**(١/٢) ئەفسانەی کوردی وتایبەتمەندییەکانی:**

ئەفسانە میراتێکی کەلتووری و نەتەوەیی بەهادارە، لەناو زۆربەی میللەتانی جیهاندا گرنگیی پێدراوە. کورد وەك میللەتێکی دێرینی سەر گۆی زەوی خاوەنی کەلتوورو شارستانییەتی کۆنە و بەشێوەی جیاجیا هەوڵی تۆمارکردن و گواستنەوەیانی داوە. یەکێك لەڕێگەکانی پاراستنی دەستکەوتە کەلتووری و نەتەوەی و مێژووییەکانی هەرنەتەوەیەك لەجیهانی پێش شارستانییەتدا، ڕێگەی تۆمارکردنی بەسەرهات و ڕووداوەکان بووە، لەئامرازەکانی تۆمارکردنی ئەم سەربردە دێرینانەش؛ ئەفسانە بووە.

ئەفسانەی کوردی[٨]؛ بەشێك لەمیراتی؛ کەلتووری و مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد پێکدێنێت، هەندێك لەم میراتە کەلتوورییە بەدرێژایی مێژوو، بەشێوەی سەرزاری ودواتریش بەشێوەی نووسراو پارێزراوە (خۆشناو، ٢٠١٣، ل٢١). واتە؛ بەگشتی ئەفسانەی کوردی بەدوو شێوە تۆمارکراوە، یەکێکیان بەشێوەی سەرزاری، ئەویتریشیان بەشێوەی نووسراو.

شارەزایانی بیانی و نووسەرانی کورد، لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەفسانەی کوردی کۆنترین و دێرینترین و دەوڵەمەندترین ئەفسانەیە و خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و مافی هیچ نەتەوەیەکی تری پێوەنییە، چونکە لەدروستبوونی ئەفسانەدا دیدێك هەیە کاردەکات، هەر میللەتە و تایبەتمەندیی خۆی لەبەکارهێنانی ئەم دیدەدا هەیە، ئەویش لەچۆنییەتی خوێندنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕوداوەکانی ژیان (سابیر،٢٠٢٠،ل١٣٦). لەمبارەیەوە ئەفسانەی کوردی دەربڕینی هەوڵی مرۆڤە، سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕوداوە سروشتییەکانی دەوروبەری و خەباتی بەردەوام بۆچارەسەری کیشەکان،...هتد).

کەواتە؛ ئەفسانەی کوردی لەزۆر شوێندا لەگەڵ میللەتانی جیهاندا هاوبەشە، بەتایبەتی میللەتانی هیندو ئێرانی و دراوسێ، لەزۆر شوێنیشدا لێیان جیادەبێتەوە و مورکی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی و خۆماڵی پاراستووە، بۆ نموونە: (گلگامێش و ئەسکەندەری مەقدۆنی) لەنێو زۆر لەمیللەتان هاوبەشە، کەسایەتی ئەفسانەیی واش هەیە تەنها تایبەتە بە کورد، وەك: (باڵی و بارام)، کە لەناو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەناوبانگن (حەمەدو عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ل١٩١).

ئەفسانەی کوردی؛ وەکو پێکهاتە بەقۆناغی جیاواز ڕۆیشتووە، هەروەك: (مەولود ئیبراهیم حەسەن). لەنامە دکتۆراکەیدا، قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی دابەشی سەر سێ قۆناغ کردووە، ئەوانیش: (قۆناغی ئەشکەوت، گوند، شار). ئەوەی لێرەدا مەبەستە و گرنگە بخرێتەڕوو ئەوەیە، هەر یەك لەم قۆناغانە ڕۆڵی سەرەکییان لەدەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی ئەفسانەی کوردی دیوە. هەروەها ناوبراو لە(گەڕان بەدوای نەمریدا) بەشێوەیەکی زانستییانە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی دیاریکردووە، چ لەڕووی؛ زمان و مێژوو و جوگرافیاوە، چ لەڕووی؛ دابونەریتی کۆمەڵایەتی، بەمشێوەیەی خوارەوە:

-تایبەتمەندیی زمانیی:

ئەو ئەفسانەیەی، کە کورد بەزمانی کوردی وبەشێوەیەك لەشێوەزارەکانی دەگێڕدرێتەوە، ئەفسانەیەکی کوردییە، جگە لەوەی لە هونەری گێڕانەوە زۆر تایبەتمەندیی زمانەوانیی و هونەری کوردی تێکەڵ بەدەق ئەفسانەکان دەبێت، کە وەرگێڕانی زۆر ئەستەمە و بچێتە نێو هەر زمانێك، کوردیبوونەکەی خۆی دەپارێزێت.

-تایبەتمەندیی مێژوویی:

ئەو ئەفسانەیەیە، کە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باسی کەتواری مێژوویی کورد دەکات، وەك: گێڕانەوەی مێژووی کوردی؛ قەڵای دمدم، شۆڕشی شێخ مەحمود،...هتد.

-تایبەتمەندیی ئایینی:

بریتییە لەو تایبەتمەندییەی، کە باس لەسەرهەڵدانی ئایینە کوردییەکان دەکەن و هێز بەکەسایەتییە ئایینییەکانی هەریەك لەو ئایینیانە دەدەن.

-تایبەتمەندیی جوگرافی:

ئەو ئەفسانانەن، کەباسی جوگرافیای کوردستان بەگشتی، یان شوێنێکی جوگرافی تایبەت بەکوردستان بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەکات.

-تایبەتمەندیی دابونەریتی کۆمەڵایەتی:

ئەو ئەفسانانەی، کە باس لەدابونەریتە تایبەتییەکانی میللەتی کورد دەکەن (حەسەن، ٢٠٠٢، ل٢٥-٢٥).

کەواتە؛ بەپێی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، هەر ئەفسانەیەك باس لە: مێژووی کورد، جوگرافیای کورد، دابونەریتی کورد، زمانی کورد، ئایینی کورد، بکات، ئەفسانەیەکی کوردییە. مەرج نییە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە پێکەوە لەناو یەك ئەفسانەدا بوونیان هەبێت، بەڵکو بوونی هەریەك لەو تایبەتمەندییانە، دەقەکە بەدەقێکی ئەفسانەیی کوردی دەکات.

هەروەها((عزەدین مستەفا ڕەسول) لەکتێبی (الواقعیة في الادب الکردي)، لەچەند ڕوانگەیەکەوە باس لە ئەفسانەی کوردی دەکات و پێیوایە: ((لەئەفسانەی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی دوو هێز ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، ئەوانیش بریتین لە: هێزی چاکە و هێزی خراپە)) (سابیر، ٢٠١٧، ل١٣٨)، ئەو دوو هێزەش لەململانێ و کێشمە کێشدان و هەمیشە هێزی چاکە بەسەر هێزی شەڕو خراپە سەردەکەوێت. بۆ نموونە: ((وێنەی (کوڕە کەچەڵە)، کە نموونەی هەژارێکی پڕ ووزە پێکەوتووە، بەگشت دێو و دڕنجدا دەچێت، بەگژ پاشای زۆردار دادەچێت...)) (موکری، ١٩٨٤، ل٤٧).

**(٢/٢) زمان و ئەفسانە و دەرون:**

بارودۆخی دەرونی مرۆڤ کاردەکاتە سەر چۆنییەتی دەربڕینی ئەو هەست و هزەی هەیەتی و دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات، بۆیەی لای دەروونناسەکان: ((زمان پرۆسەیەکی دەرونییە، لەئەنجامی کارو چالاکی و ئەزموونەکانی پێشووی تاك بەرهەمدێت)) (یوسف، ١٩٩٠، ص١٨). ئەم تێڕوانینەی دەروونناسەکان ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان زمان و زانستیی دەروونناسیی دەرخست، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەروونناسیی لەڕەفتاریی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، زمانیش بەشێکە لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ. هەروەها لەڕوانگەی دەروونناسەکانەوە، دەربڕاوە زمانییەکان کاریگەرترین و بەهێزترین ئامرازی شیکردنەوەی دەرونین.

بەمجۆرە؛ ئەم بۆچوونانەی دەروونناسەکان بۆ کاریگەریی زمان لەبواری دەروونناسیدا وایکرد زۆر بەگرنگ و ئاگاییەوە لە شێواز و دیاردەی دەربڕاوە زمانییەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە دەرونی و عەقڵەکانییەوە وردببنەوە، لەناو ئەمانەشدا ئەفسانە وەك فەرهەنگێکی بەنرخی دەستخستنی لایەنە دەرونییەکان سەیرکرا و هەڵوەستە لەسەر وشە و ڕوداو و پێکهاتە ڕەگەزییەکانی کرا. لەم بارەیەوە (ئەریك فرۆم)ی دەروونناس دەڵێت: (( ئەفسانەکان گوزارشت لەئەزموون و بیرکردنەوە و هەستەکانی مرۆڤ دەکەن، کەچەندین سەرنج و ڕوداوی جۆراوجۆریی هەستی لەخۆگرتووە))(محمد، ١٩٩٨، ص٤٤)، ئەم گوزارشتە جیاوازیانەی نێو ئەفسانەکانیش، لەڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێن و کاریگەریی جیاواز دروستدەکەن.

کەواتە؛ ئەفسانە وەك دیاردەیەکی زمانی و هەستی پەیوەندیی بەهەردوو زانستەکەوە (زمان و دەروونناسیی) هەیە، زمان ئەو ئامرازەیە بیروبۆچوون و چالاکییە نەستییە دەرونییەکانی مرۆڤی تێدا ڕەنگدەداتەوە و لەبنیاتنانی ئەفسانەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەفسانەش ڕەنگرێژکەری ئەوکاریگەرییەی زمانە لەسەر لایەنی دەرونی بەرامبەر.

زمان لەئەفسانەدا؛ لەشێوازە ناڕاستەوخۆکەیدا ڕۆڵی گوزارشتێکی هێمایی لەناخی مرۆڤ دەبینێت و لەشێوازە ڕاستەوخۆکەش لەڕێگەی تەکنیکییەکانی زمان لەڕووی؛ وشە و ڕستە و دەنگ و ئاوازەو جەستەوە، دەمانخاتە ژێر کاریگەریی بەسەرهات و سەربوردەیەکی پڕ لە ڕەنگاوڕەنگ و دڵڕفێن. ئەمە جگەلەوەی ئەفسانە بەزمانێکی ڕەسەن و ناسك دەگێڕدرێتەوە و ئاوازەی بەرز و نزمی تێدایە و لەچڕی و خەستی وشەکانی دەردەبڕدرێت و لەڕێگەی جیهانە

سەرسوڕێنەرەکەی خەون و بیرو زەینی گوێگر بۆخۆی ڕادەکێشێت (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ل١٩٠). بەمشێوەیە؛ ئەو تایبەتمەندییە زمانییەی نێو ئەفسانە بەهەردوو شێوازەکەی، کاریگەریی دەروونی جیاواز لەسەر بەرامبەر دروستدەکەن.
بەپێی بۆچوونی (ڕیتشارد) زمان لەئەفسانەدا دابەشی سەردوو جۆرە زمان دەبێت، ئەوانیش بریتین لە: (زمانی ڕەمز ئامێزو زمانی هەڵچوون ئامێز) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، ل٢٠٠). مەبەست لەزمانی ڕەمز ئامێزی ئەفسانە؛ زمانێکە لە لۆژیکی عەقڵ نزیکە و ئەگەر دروستبکەوێتەوە، قابیلی قبووڵکردنە، بەپێچەوانەوەش، کاتێك نادروست خۆی نیشاندەدات، ئەوا قابیلی نکوڵیکردنیشە. مەبەستیش لەزمانی هەڵچوون؛ زمانێکی بارگاوی و جووڵەئامێزە، دەمانخاتەژینگەی خەیاڵ و بیرکردنەوە کێش دەکات، هەروەها هەستەکان دەدوێنێت (سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١).
کەواتە؛ بەگوێرەی ئەم دوو شێوازە زمانییە (ڕەمزئامێز و هەڵچوون ئامێز)بێت، دەبێت تایبەتمەندیی زمانی ئەفسانە ئەوەبێت، لەڕێگەی وشە و دەربڕاوە زمانییەکانەوە شتەکان ڕەمز ئامێز بکات و ببنە ئاماژەیەك بۆ واتا و گوزارشتە جیاوازەکان، لەهەمانکاتیشدا، دەربڕاوە زمانییەکان بەلایەنە نەستی و نادیارەکانەوە بەرگاوی دەبن و واتای دەروونی جیاواز دەهێننە کایەوە. لەمبارەیەوە بەگشتی لەناو دەقە ئەفسانەییەکاندا، ئەم دوو جۆرەی زمانییە ڕەنگدانەوەیان هەیە و ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرامبەر و گوێگر دروستدەکەن، دواتر ئەم ڕەنگدانەوەیە بەشێوەی پراکتیکی لەئەفسانەی کوردیدا، لەپاری داهاتووی ئەم بەشە دەخرێتەڕوو.

### (٣/٢) ڕەنگدانەوەی زمانەوانیی دەروونی لەئەفسانەی کوردیدا:

دوای دەرخستنی پەیوەندیی و کاریگەریی نێوان (زمان و دەروون و ئەفسانە) لەپاری (٢/٢)دا، بۆ ئەم مەبەستە، لەم پارەدا هەوڵدەدرێت بەشێوەی پراکتیکی کاریگەریی زمان لەسەر دەروون، بەنموونەی چەند دەقێکی ئەفسانەی کوردی لەچوارچێوەی(زمانەوانیی دەروونی)دا، بخرێتەڕوو.
ئەو دەربڕینە زمانییانەی، کە تاك دەریدەبڕێت، جگە لەوەی هەڵگری واتان، هاوکات کەسایەتی و باری دەروونی ئاخێوەریشمان بۆ دەستنیشاندەکات. لەم ڕوانگەیەوە:(فندریس) ئاماژە بەوەدەکات: ((پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان دەربڕینە زمانییەکانی باری دەروونیی ئاخێوەر)) (کعواش، ٢٠٢١، ص٤٠٣). واتە؛ دەربڕاوە زمانییەکان ئاوێتەی دۆخێکی دەروونی دەبن وکاریگەریی دەروونی جیاواز لەسەر بەرامبەر دروستدەکەن.
کەواتە؛ کاتێك دەربڕاوە زمانییەکان ئاوێتەی باری دەروونی دەبن، جا ئەم ئاوێتەیەش هەر هۆکارو مەبەستێکی لەپشتەوەبێت، هێزێکی سیحری پەیدادەکات، بەتایبەت لەکاریگەریی دروستکردن لەسەر بەرامبەر، لەیاسای زمانەوانیشدا، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەو وشەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە هەڵگری هێزێکی سحرین: ((لەپەیوەندیی کەسیدا کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە))(عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ل٤٠). دەبینین لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا، زۆربەی ئەو وشانەی بەکاردێن، هەڵگری هێزێکی سحرین و کاریگەریی ڕاستەخۆ لەسەر بەرامبەر دروستدەکەن. بۆنموونە: لەئەفسانەی (خەونەکەی پاشا)دا هاتووە: ((لەسەردەمانێکی کۆندا دەگێڕنەوە پاشایەك هەبوو، شەوێکیان لەخەودا دەبینێت هەموو ددانەکانی هەڵدەوەرێن و دەکەون. ڕادەچەڵەکێ و زۆر شپرزە دەبێت. بۆ ڕۆژی دوایی پاشا لەئاکامی ئەو خەونەیدا ترسێکی زۆری دەکەوێتەبەر، بۆیە بەپەلە فەرمان دەکات ئەنجومەنی وەزیران کۆببێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو خەونە، ئەوانیش بڕیاردەدەن، هەرلەوکاتەدا ناودارترین خەوگێڕەوەی پایتەختی بۆبهێنن،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

کاتێك خەوگێڕەوەکە دەهێنن و پاشا خەونەکەی بۆدەگێڕێتەوە، ئەویش دەڵێت: گەورەم؛ بەداخەوە، چیت لێ بشارمەوە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەت دەمرن و خۆت بەتەنیا دەمێنیتەوە. پاشا بەبیستنی ئەو لێکدانەوەیە ڕق و کینە دەیگرێت و یەکسەر بڕیاریدا: دارکاریی بکەن و فڕێیبدەنە زیندانەوە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە بەو شێوە خراپ و ناهەموارە خەونەکەی بۆ لێکداوەتەوە. زۆری پێ ناچێت خەوگێڕەوەیەکی تریان هێنا، دوای بیستنی خەونی پاشا، وتی: خاوەن شکۆ خوا پایەدارو تەمەن درێژتان بکات. ئەو خەونەی تۆ باشەو مانای ئەوە دەبەخشێت، کە بەڕێزتان تەمەنێکی زۆر دوورودرێژ دەژین، بەڕادەیەك تەمەنی تۆ لەتەمەنی هەموو ئەندامانی خێزانەکەت درێژترە. بەبیستنی ئەو لێکدانەوەیە، پاشا شادو کەیفخۆش بوو. بۆیە پاشا فرمانی دەرکرد، کە ڕێزی لێبگرن و پاداشتێکی باشیشی بکەن.

ئەوەی زیاتر لەم دەقە ئەفسانەیەدا گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت لەڕوی کاریگەریی زمان لەسەر دەرونی بەرامبەر، بریتییە لە دەربڕینەکانی:

**- گەورەم؛ بەداخەوە چیت لێ بشارمەوە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەت دەمرن و تەنیا تۆ دەمینێتەوە.**

**- خاوەن شکۆ؛ تەمەنی تۆ لەتەمەنی هەموو ئەندامانی خێزانەکەت درێژترە.**

ئەم دوو دەربڕینەی سەرەوە لەڕووی واتاوە لێك نزیکن، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە، کارامەیی و شێوازی ڕێکخستنی کەرستەکان و جوانیی کەسی ئاخێوەرە لە دەربڕینی دووەمدا. لەدەربڕینی دووەم دەردەکەوێت، پاشا بەشێوازی لێکدانەوەی خەوگێڕەکە دڵخۆش و ئاسودەیە، چونکە دەربڕینەکە هونەری گوتنەکەی کاریگەریی ئەرێنی پێوەدیارە، لەبەر ئەوەی ئومێدی و گەشبینی بەپاشا بەخشیوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لەمردنی کەسیان ناکات، لەهەمانکاتدا بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی **(تەمەنی درێژتر)**، هێزو وزەی بەپاشا بەخشیوە، بۆیە پاشا دەستخۆشی لەخەوگێروەکە دەکات، تەنانەت خەڵاتیشی دەکات، بەڵام لەدەربڕینی یەکەمدا، بەپێچەوانە دەردەکەوێت، پاشا بەشێوازی لێکدانەوەی خەوگێڕەکە ناڕازی و دڵتەنگە، چونکە دەربڕینەکە هونەری گوتنی پێوەدیارنییە و کاریگەریی نەرێنی کردۆتە سەر پاشا، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی ڕاستەوخۆی دەستەواژەکانی: **(بەداخەوە، مردن)**، کە ترس و بارێکی دەرونی ناخۆشی بۆ دروستبووە، بەجۆرێك هەست بەبێ ئومێدی و ڕەشبینی و تەنیایی بکات، بۆیە پاشا لەڕێگەی ئەم دەربڕینەوە تورەدەبێت و خەوگێڕەکەش دارکاریی دەکات. بەمشێوەیە؛ لەهەردووباری دەربڕینەکاندا کاریگەریی گرنگیی زمانمان بۆسەر دەرون دەردەخات.

لایەنێکی تری کاریگەریی زمان لەسەر دەرون لەڕێگەی ئاوەڵناوەکەوە دێتەکایەوە، چونکە ئاوەڵناو پەسەندکردنی تێدایە، بەتایبەتی بەکارهێنانی ئاوەڵناو بەپلەی باڵا زیاتر لایەنە دەرونییەکە چڕتردەکاتەوە. لەمبارەیەوە لەناو دەقە ئەفسانییەکانی کوردیدا کۆمەڵێك ئاوەڵناو دەبینرێن، بەتایبەت پلەی باڵا، کە کارەکتەرەکان بەرامبەر یەکتری بەکاریدەهێنن، کاریگەریی لەسەر بەرامبەر دروستدەکات. بۆنموونە: لەئەفسانەی (کچە بەفرینە) کاتێك پیرەژن بە (دەنکە هەنار) دەڵێت: **((دایکت جوانترە یان من؟ دەڵێ: ئۆی! وەڵڵا تۆ جوانتری...))** (عایشە خان، ٢٠٠٥، ل٢). لێرەدا بەکارهێنانی ئاوەڵناوی پلەی باڵا (تر) لەلایەن (دەنکە هەنار)ەوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر پیرەژنەکە دروستکردووە.

جگە لەو لایەنە، وشە وەك کەرەستەیەکی زمان بێ لایەنە، بەڵام لەئەنجامی تاقیکردنەوە، یادگاریی خۆش و ناخۆش، وەرگرتنی واتای ئەرێنیی و نەرێنیی بەپێی کەلتوور،...هتد، گۆڕانی

بەسەردادێت و لەتەکیاندا دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی لایەنی کاریگەریی دەرونی. بۆنموونە: وشەی (دێو) واتایەکی دەرونی خراپی لەنێو ئەفسانەکانی کوردیدا دیوە، هەروەك لەئەفسانەی (ماینی ڕش)دا، باس لە سێ دز دەکات، شەو لەئەشکەوتێك دەمێننەوە و لەناکاو (دێو)ێك دێتە ژووری ئەشکەوتەکە، هەروەك دەڵێن: ((لەقوژبنەکی ئەشکەفتێ دانیشتین و پارمان داوە، دونیا بێ دەنگ و کشو مات بوو، هەرچەندە زانیمان دێوهاتە ئەشکەفتێ و بەردەکی گەورەی هەرگرت و بەدەرکی بە ئەشکەفتێ وەنا، ئاگرەکی گەورەشی کردەوە، دوور بەدووری تەماشامان دەکرد، دەومان هیشك هەرگەڕابوو، چ ڕووحمان لەقەلبی نەمابوو... بووبە نیوەشە و خەوی چ؛ دەتگۆ شووژن لەچاومان ڕاچووە)) (مولود، ٢٠١٢، ل٣٦). لەو نموونەیەدا دەردەکەوێت، لەڕێگەی بینینی (دێو)ەکە، هەرسێ کارەکتەرەکە، لەترس و دڵەڕاوکێیەکی دەرونی ناجێگیردابوونە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی دەربڕینەکانی: **(ڕووحمان لەقەلبی نەمابوو، دەومان هیشکبوو، دەتگۆ شووژن لەچاوم ڕاچووە)**، ئەم دەربڕینانەش بەپێی دەوروبەر خۆی لەخۆیدا هەست و سۆزێکی دەرونی پڕلەترس و ناخۆش دەبەخشن. هەرلەمبارەدا لەدەق ئەفسانەی (پاشاو خاوەن گوێدرێژ)دا، پاشا بەخاوەن گوێدرێژ دەڵێت: ((ئەو گوێدرێژەی تۆ خۆی لەیەکێك لەڕەگەزەکانی من داوە، ئەمە لەجیاتی ئەو تۆ لەسێدارە دەدەین... کابرا ڕەنگی وەك پیازی سپی لێ دێت و دەست دەکات بەتکاو پاڕانەوە...) (سالح، ٢٠٠٥، ل١٤١). لەو نموونەیەشدا، بەکارهێنانی وشەی **(سێدارە)** بۆ خاوەن گوێدرێژەکە، کەواتایەکی دەرونی ترسێنەری هەیە، وایکردووە خاوەن گوێدرێژ دەستبکات بەپاڕانەوە و گریان، کە ئەمەش دیسانەوە بارێکی دەرونی ناخۆش دەگەیەنێت.

هەروەها لە نێو دەق ئەفسانەکانی کوردیدا، هەندێك ئیدیۆم ودەستەواژەی زمانی هەن، کاریگەریی دەرونی جیاوازییان لێ پێکدێت، ئەو کاریگەرییە دەرونییە سەرچاوەکەیان بەدەربڕاوە زمانییەکانەوە پەیوەستە. بۆنموونە:

- **دۆشداماو، دۆشدابران:** ئەو ئیدیۆمە دەرونییە ئاماژەیە بۆ پەرێشانی حاڵەتی دەرونی ناخۆش، وەك: لەئەفسانەی (حەسەن زێڕنگر)دا دەڵێت: ((حەسەنی زێرنگر دۆشدابراو و ناڕەحەت بوو، گوتیان: ئەوەچییە؟ بۆ کزی برام؟)) (فتوحی و وەیسی، ٢٠١٤، ل١٢٩).
- **دڵ لەدڵ نەدان،** ئەو دەستەواژە زمانییە وەکو بارێکی هێورکردنەوە وئارامی بۆ تەنگەژە و ترس ودڵەڕاوکێی دەرونی بەکاردێت، وەك: دەڵێت: ((ئەتو بخەوە و کارت بەهیچ نەبێت، ئێمە بۆتی ئەنجامدەدەین، دڵ لەدڵیش مەدە و خەوی خۆت بکە)) (سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧).
- **دەستی لەچۆکان ئاراندییە:** ئەو ئیدیۆمەش ئاماژەی خەم و خەفەت و دەستەوەستان دەگەیەنێت. بۆ نموونە: دەڵێت: ((تەماشای کرد پیرەداکی دانیشتییە و دەستی لەچۆکان ئاراندیە... بەبارەغەمێکەوە هاتەقسە)) (حەسەن، ٢٠١٢، ل١١٠١٠). واتە؛ کەسەکە خەم و پەژارەی هەیە و لەبارێکی دەرونی ناجێگیردا گوزەردەکات.

هەروەها ئامرازەکان وەك یەکەیەکی زمانی هەڵگری کاریگەریی دەرونین، بەتایبەتی ئەوانەی بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی سەرسوڕمان دەکەن (ملك، ١٩٨٠، ص٣١٤) و هەست و ئارەزووی (ئاخێوەر) دەردەخەن. بۆ نموونە: لەدەقە ئەفسانەییەکاندا، کۆمەڵێك ئامرازی سەرسوڕمان بەفۆڕمی جیاواز دەبینرێن و بەپێی دەوروبەر کاریگەریی دەرونی دەگەیەنن، هەروەك لەئەفسانەی (مەلا جیمی)دا هاتووە: ((منیش وەختە شێت بم هەم لەدەستی تۆ، هەم لەدەستی پاشا...ئاخ گوری...)) (خۆشناو، ٢٠٠٧، ل١٤٥). لەو دەقە ئەفسانەیەدا، ئاخێوەر


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی سەرسوڕمانی **(ئاخ)** دەزانرێت، لەبارودۆخێکی دەرونی خراپ دایەو هەست بەخەم و پەژارە دەکات.

یەکێکی تر لەوبابەتانەی، کەوەك ڕەهەندێکی دەرونی لەدەقە ئەفسانەییەکاندا دەبینرێن و هەڵگری واتای کاریگەرییـن، بریتییە لە ڕەمزی ڕەنگەکان. چەمکی ڕەنگ: ((دیاردەیەکی فیزیاییە و سروشت سەرچاوەکەیەتی، کاریگەریی دەرونی لەسەر مرۆڤ دروستدەکات (حمد، ٢٠١٢، ل٣٧٨). لەدەقە ئەفسانەنەیەکاندا ڕەنگەکان لەڕووی دەرونییەوە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن و بەپێی دەوروبەر نیشانەی جیاوازی، وەك: (گەشبینی، ڕەشبینی، ترس، ...هتد)، دەگەیـنن. وەك: لەئەفسانەی (کوڕە کەچەڵ)دا هاتووە: (( ئەو دانیشتن و مەجریسە بەو قسانەی پیرەژن ساردبۆوە و پاشان لەحەژمەتان سپی هەڵگەڕا، لەتوڕەییان دەمەك هەر قسەی لۆنەدەهات)) (حەسەن، ٢٠١٢، ل١٣). لێرەدا قەهرو توڕەیی و ئەزیەتدانی کەسێك، وای لێ دەکات ڕەنگی سپی هەڵگەڕێت، ئەم ڕەنگسپییەی پیرەژن بەپێی دەوروبەری دەقەکە، ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزی و پەشۆکای باری دەرونی، بەڵام دەشێت بەپێی (شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتی و ژینگە،...)ی ئەفسانەکان، ئەم ڕەنگە **(سپی)** واتاکەی پێچەوانە بێتەوە. هەرلەو دەقەی ئەم ئەفسانەیەدا **(کوڕە کەچەڵ)** هاتووە: ((کوڕە کەچەڵ هەموو قەلبی پیرەداکی شین و مۆرکرد بەلێدان)) ((سەرچاوەی پێشوو، ل١١). لەڕاستیدا ئەم ڕستەیە هەواڵگەیاندنە، بەڵام بەپێی دەوروبەرو بەکارهێنانی ڕستەی: (پیرەداکی شین و مۆرکرد بەلێدان)، هەستێکی ناخۆشی و خەمخۆرانی تێدایە. واتە؛ بەکارهێنانی ئەم دوو ڕەنگە لەم ڕستەیەدا، واتایەکی دەرونی ناخۆشی دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە، کە ئەم هەست ناخۆشییە بۆ بەرامبەر دروستبێت و کاریگەریی نەرێنییشی لەسەر دروستدەکات.

هەروەها شوێن و کاتیش بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانیان، هەڵگری ڕەهەندی جیاوازن، یەك لەو ڕەهەندانە؛ کاریگەریی دەرونی دروستدەکەن. وەسفی کات و شوێن لەئەفسانەدا تەنها واتایەکی فەرهەنگیی هەڵناگرن، بەڵکو بەپێی دەرکەوتنی دەوروبەر، واتای کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی گوێگر دروستدەکەن. بۆنموونە: لەئەفسانەی (کوڕی خەیاتی)، کە دەڵێت: **((ئەو ڕۆژە تا ئێوارە داهات لێی بوو بەساڵێك))** (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل٢٤٦) ئەم ڕستە هەواڵییە ئاماژەیە بەوکاتە دەرونییەی، کە پەیوەندیی بەدەرونی کەسەکانەوە هەیە، دەنا ڕۆژهەر ڕۆژە، نەك ساڵێك، بەڵام لەبەر ناخۆشی چاوەڕوانییەکەی لێی درێژبووەتەوە. لێرەدا وەسفی گێڕانەوەی ئەم ڕستەیەی نێو دەقە ئەفسانەیەکە، کە لەڕێی زمانەوانەوە دەربڕاوە، واتایەکی دەرونی دروستکردووە. پەیوەست بە شوێنەوە، هەندێك شوێن هەن، بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەسەکان، یاخود ڕاستەوخۆ هەڵگری واتایەکی دەرونین. بۆ نموونە: لەهەمان ئەفسانەی ناوبراودا، کوڕی خەیاتی لەخەودا **لەکۆشکەوە** دەچێتە **زیندان** و ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و دواتر لەپەنجەرەی زیندانەوە هەڵدێت و دەچێتە ناو باغ و باغاتێکی زۆر خۆش، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە زیندان و هەست بەناجێگیریی دەرونی دەکات و ئەو ڕۆژەشی تا ئێوارەداهات، لێی بوو بە ساڵێك (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل٢٤٦). ئەم ناجێگیرییەی دەرونی کارەکتەر، پەیوەستە بە شوێنەکەیەوە، کە (زیندانە) و کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەرامبەر دروستکردووە، بریتییە لەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەدەقەدا ئاماژەی پێکراوە، دیارترینیان: **(دەچێتە ناو باغ و باغاتێکی زۆر خۆش، ڕۆژێکی لێ بوو بە ساڵێك).**

سەرباری باسکردنی ئەو لایەنانەی زمان پەیوەست بە کاریگەریی دەرونی، نابێت کاریگەریی دەرونی هێزو ئاوەزەی وشە و ڕستەکان لەئەفسانەدا لەبیربکەین، چونکە: ((هێزو ئاوازە و خێرایی

قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگری واتای کاریگەریی. ئەگەر هێزی بەمەبەست لەسەر هەر وشەیەك بێت، ئەوا بۆ ئەوەیە، کە وەرگر بۆچوونێك لەسەر نێنەر وەربگرێت (عەزیز، ٢٠٠٨، ل٦٥). لەئەفسانەدا هێزو ئاوازەی ئاخاوتن لەڕووی دەروونییەوە، کاریگەریی دەرونی لەسەر گوێگر دروستدەکەن. ئەم ئەرك و کاریگەرییەش زیاتر لەلایەن ئەفسانە بێژەوە دەردەکەوێت، چونکە ئەو وشە و دەربڕینەکان دەچڕێ و هەر خۆشی مەبەستەکان دەزانێت. بۆنموونە: لەئەفسانەی (مەلیك محەمەد)دا باس لەوەدەکات، کەژنێك خەریکی مانگا دۆشینە و خۆی شەکەت و ماندیی کردووە، بەڵام کاتێك مەلیك بۆلای دەچێت و ژنەکەش شیرەکەی بۆ دەدۆشێت و پاشان پێی دەدات و پێی دەڵێت: **((مەلیك محەمەد بم بەساقەت، چلۆن گەییتە ئەم جێییە؟))** (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل٤٢). لێرەدا لەگەڵ گۆڕینی هێزو ئاوازەی قسەکانی حەکایەتخوان، یەکسەر دەزانێت ئەم ژنە ڕاست ناکات و دەیەوێت مەلیك لەخشتەبەرێت، چونکە ئاوازەی دەربڕینی قسەکانی لەسەرەتا و کۆتایی جیاوازە و لەگەڵ یەکتری یەکناگرنەوە، ئەم جیاوازییەش کاریگەریی دەرونی دروستکردووە و لەڕێی زمانەوە دەربڕاوە.

## ئەنجام

دوای تاوتوێکردنی لایەنە تیۆری و کارەکییەکان، توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- ئەفسانە لەڕوانگەی دەروونییەوە؛ کۆگایەکی بەنرخە بۆ گوزارشتکردن لەهەست و هزرو ئەرکە دەروونییەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی تێڕوانینی بۆ ڕووداوەکان و سروشت و دەوروبەر.

٢- زمان و ئەفسانەو دەرون؛ لەپەیوەندیی و کاریگەریی بەهێزدان و جیاکردنەوەشیان ئەستەمە، چونکە زمان ئەو کەرەستەیەیە، بیرو تێڕوانین و چالاکییە دەروونییەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە و لەپێکهاتەی ئەفسانەشدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، دەقی ئەفسانەش، کە پێکهاتەکەی زمانە، سیمارێژیی ئەو کاریگەرییەی زمانە لەسەر بەرامبەر.

٣- دەربڕینە زمانییەکانی ئەفسانە هەڵگری واتا و گوزارشتی جۆراوجۆرن، دیارترینیان، واتای دەرونییە، ئەم واتایەش پەیوەندیی بەبارودۆخی دەرونی ئاخێوەرەوە هەیە و جێی گرنگی زمانەوانیی دەرونییە و کاریگەریی جۆراوجۆر لەسەر بەرامبەر دروستدەکات. لەمبارەیەوە ئەفسانە کوردییەکان ڕەنگدانەوەی ئەمجۆرە واتایەن و بەفۆرم و وێنەی جیاواز دەردەکەون.

٤- زمان لەدەقە ئەفسانەییەکانی کوردیدا؛ تەنها ئەرکی گەیاندن و کۆمەڵایەتی نابینێت، بەڵکو لەپاڵ ئەم ئەرکانەشدا، ئەرکی دەربڕینی هەست و سۆز و کاریگەریی دەبینێت.

٥- ئەفسانە کوردییەکان؛ پاشخانێکی هەمەجۆریی ڕەنگدانەوەی پرۆسە دەرونیەکانن و دەتوانرێت لەڕوانگەی زمانەوانیی دەرونییەوە کاریان لەسەر بکرێت وسوودیان لێ وەربگیرێت.

٦- لەناو دەقە ئەفسانیەکانی کوردیدا، کۆمەڵێك کەرەستەی زمانی جۆراوجۆر دەبینرێن، لەوانە: (ئاوەڵناو، ئامراز، ئیدیۆم، وشە،...هتد)، بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان و ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەسەکان و شوێن و پێگەیان، هەڵگری واتای کاریگەریین.

## پەراوێز

---

(١) سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانە ڕاوبۆچوونی زۆر لەئارادایە، کەهەریەکەیان لەڕوانگەیەکەوە بۆی دەڕوانن، بەڵام هەمووشیان جێگەی سەرنج و لێوردبوونەوەن، چونکە ئەفسانە مێژوویەکی دێرینی هەیەو لەگەڵ بوونی مرۆڤ سەریهەڵداوە. بۆیە ئەستەمە بتوانرێت بەدروستی چاخی پەیدابوونی ئەفسانە بەشێک لەپشپۆران و شارەزایانی ئەفسانە دیاریبکرێن بۆ

پەیدابوونی بیری ئاگایی لەلای مرۆڤ سەرەتا سەبارەت بەخودی خۆی و جیهان و ڕوداوەکانی دەوروپشتی دەگەڕێننەوە، چونکە ئەفسانە بریتییە لەچەندین هەوڵ بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردانەی، کە تێگەیشتنیان ئەستەمە، وەك: (گەردوون، کەشوهەوا، سروشت،...هتد).

بەشێکی تر لەزانایانی شوێنەوارناسیی لەئەنجامی گەڕان و گەلێك توێژینەوەی بەراوردکاری، بیروباوەڕی ئەفسانەیی بۆچاخی بەردین و تەنانەت پێش ئەم قۆناغەش دەبنەوە. بەشێکی تر لەشارەزایان، لەوباوەڕەدان سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم بیرکردنەوەی ئایینی لەمێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێننەوە. سەرباری ئەوەی لەناو هەموو میللەتاندا ئەفسانە هەیە، بەڵام تائێستا زۆربەی زانایانی شوێنەوارناسی و مێژووناسان و شارەزایانی بوارە ئەفسانە، لەگەڵ ئەوەدان، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و میسری کۆن و میزۆپۆتامیاو وڵاتی فارس و ئێرانییەکان و هیندستان و نیشتمانی بابل و سۆمەرییەکان و قۆناغی ئەشکەوت، مەڵبەندی یەکەمی سەرهەڵدانی ئەفسانەن، بڕوانە: (سابیر، ٢٠١٧، ل١٣٠-١٣١)، (کەسنەزانی، ٢٠٠٨، ل٨).لەگەڵ ئەوەشدا، شارەزایان و پسپۆڕانی زانستیی ئەفسانەیی، دەڵێن: وەکو سەردەم بۆدیاریکردنی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەفسانە، دوو سەردەمان لەبەردەستە:

أ-سەردەمی پێش سەرهەڵدانی نووسین. واتە؛ مێژوو، بەسەرهات، ڕووداو،...هتد، هەبووە، بەڵام تۆمارنەکراوە، تەنها گێڕانەوەکان بەسەر زاری دەماودەم گواستراونەتەوە.

ب-سەردەمی پەیدابوونی نووسین و ئەلف و بێ. لەم قۆناغەدا دۆزینەوەی ئەلف و بێ بەگەورەترین گۆڕان لەمێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان بەشارستانییەتی سۆمەرییەکان دەستپێدەکات، بڕوانە: (حەسەن، ٢٠٠٢، ل٣٩).

([٢]) زاراوەی (دەروونناسیی)؛ لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لەدوو بەش پێکهاتووە: (سایکس-psyche) بەواتای: (هۆش، دەرون، عەقڵ) دێت، (logos)، کەبەشی دووەمی زاراوەکەیە، بەواتای: (زانست، لێکۆڵینەوە)دێت. کەواتە؛ هەردوو بەشی زاراوەی (دەروونناسی) بەواتای؛ توێژینەوەی دەرون، یان هۆش دەگەیەنن. بۆ زانیاریکی زیاتر، بڕوانە: (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ل١٢). لەزمانی کوردیشدا لەبەرامبەر زاراوەی (دەروونناسیی) چەند زاراوەیەکی تریش دەبینرێن و بەکاردێن، لەوانە: (سایکۆلۆژیا، دەرونزانیی، (زانستی دەرون)، کەهەریەك لەو زاراوانە هاواتای یەکترن و توێژینەوە لەسەر لایەنی؛ دەرون و ڕەفتار و هۆش و هەڵسوکەوتی مرۆڤدەکەن

([٣]) جگە لە(فرۆید) هەریەك لەدەروونناسان: (ئەریك فرۆم، یۆنگ، ئۆتۆڕانگ) ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لەگرێدانە ئەفسانە بەدەروونناسیی؛ لایەنەکانی دەرونی مرۆڤایەتی ڕۆشندەکاتەوە. هەروەها ئاماژەی بەوەدا، چەمکە دەرونییەکان زۆر پەیوەندییان بەئەفسانەوە هەیە)(سیدا، ١٩٩٥، ص١٩).

([٤]) گرنگیدان بەلایەنی دەرونی لەزماندا، لەسەدەی نۆزدەو بیستدا لەلایەن زمانەوانانی وەك: (گاردنەر، بولر، کانیز) سەریهەڵدا، ئەمەش بوە ڕێخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانی واتای کاریگەریی لای: (کرۆس، لیچ، ئۆلفان فۆنت)، کەبەباری دەرونی ئاخێوەر پەیوەستە (دزەیی، ٢٠١٠، ل٤٩).

(٥) لەوانە: (سۆسێر، فرۆید، هۆسلەر).
(٦) زاراوەی (psycholing istics) لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لەدوو وشە پێکهاتووە، وشەی یەکەمیان: (psychol) بەواتای : (عەقڵ)، یان (بیر)دێت، وشەی دووەمیشیان: (Lingua) بەواتای: (زمان) دێت. بەمشێوەیە؛ لەڕووی زاراوەییەوە؛ زمانەوانیی دەروونی: توێژینەوەیە لەپەیوەندی نێوان زمان و بیر (Lyons, 1987, p2,8).
(٧) واتا؛ لەدوو جۆری سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان بریتییە لە(واتای وەسفی)، واتایەکی نەگۆڕە و وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بەشێك لەواتای ڕستەی لێ پێکدێت، ئەم جۆرە واتایە لەفەرهەنگدا پشتی پێدەبەسترێت و لەهەموو زمانێکدا وەکویەکە. دووەمیان بریتییە لە (واتای ناوەسفی- بارکراو)، واتایەکی جێگیرنییە، لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت. ئەم جۆرە واتایە چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: (واتای هاوڕێیەتیی، واتای دەرونی، واتای ڕەنگدانەوە، واتای بابەتی، واتای شێوازی،...هتد). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (دزەیی، ٢٠٠٩، ٤٩).
(٨) شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئەفسانەیی کوردی، لەوانە: (مەولود ئیبراهیم حەسەن)، کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ئەفسانەی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە. لەمبارەیەوە کاتێك سۆمەرییەك وەك نەتەوەیەکی کورد هەژماردەکرێن، ئەوا سەرهەڵدانی ئەفسانەی تۆمارکراوی کوردی لەڕیزی پیشەوەی هەرە میللەتانی دیکەدایە، خۆئەگەر قۆناغی ئەشکەوتیش بەسەرهەڵدانی ئەفسانە دابنرێت، ئەوا دیسانەوە کورد لەدێرینترینی دێرینەکانە، ئەمەش بەهۆی دۆزینەوەی ئێسکەبەندیی منداڵێك و سێ پیاو لەئەشکەوتی (شانەدەر) لەچیای برادۆست، کە بەکۆنترین ئێسکەبەندیی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ) ناسراون. ئەمە جگە لەگیرسانەوەی کەشتییەکەی پێغەمبەر (نوح) (سەلامی خوای لێبێت) لەچیای (جودی) لەکوردستان، کەبۆخۆی بووەتە بەڵگەی ئەوەی، کوردستان لانکەی یەکەمی دەستپێکردنی شارستانییەت و ئەفسانەکانیشە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنەواری چاخی بەردینی کۆن لەکوردستان و دۆزینەوەی یەکەم گوندی کشتوکاڵی لەچیای برادۆست بەناوی (واوی چەمی). هەروەها بەشێکی تر لەسەرهەڵدانی ئەفسانە کوردییەکان پەیوەستن بەچاخی دامەزراندنی حکومەتی ماددەکان، ئەوانەش مێژوویەکی دێرینیان هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (حەسەن، ٢٠٢٠، ل٦٦-٦٧)، (باخەوان، ٢٠٠٣، ل١١٠-١١٨)، (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ل١١٩). کەواتە؛ بەپێی ئەم بەڵگانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کورد خاوەنی کۆنترین ئەفسانەیە و پێدەچێت مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانەش لەوانەوە دەستپێکردبێت.

## سەرچاوە

**أ-پەراوێزەکان:**

**- سەرچاوەکان:**

**١- بە زمانی کوردی:**


- حەسەن، مەولود ئیبراهیم(٢٠٢٠)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی دووەم، تەهران.

- ..................................(٢٠٠٢)، گەڕان بە دوای نەمرییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
- مەولود، عەبدوڵلا خدر(٢٠١٢)، ئەفسانەکان وا دەگێڕنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عەزەدین مستەفا(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- جیژنی، زریان محەمەد و پیرباڵ، سازان سەباح(٢٠٢٢)، ئەفسانە لەنێو ئایینە کوردییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٠) ، هەولێر
- کامبل، جۆزێف(٢٠٢٠)، پاڵەوانی هەزارڕوو، وە: پاڵەوان، سەلاح حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا و حەمەد، دلاوەر عومەر(٢٠٢٢)، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٣)، هەولێر.
- عەباس، محمد سلێمان(٢٠٢١)، دونیای ئەفسانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- سابیر، پەرێشان خالید(٢٠١٧)، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە لاوکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٥)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- عەزیز، عزەدین ئەحمەد(٢٠١٤)، بنەماکانی دەروونزانیی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسول و شەریف، دیار عەزیز(٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- دزەیی، عەبدولواحید مشیر(٢٠٠٩)، کاریگەریی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- عارف، ئەڤین سامی(٢٠١١)، کاریگەریی باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- ساڵح، دەرون عەبدوڕەحمان(٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- میدیا (١٩٨٩)، سەرەتایەکی زمانناسیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیای گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
- عەبدوڵلا، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەرونشیکاری شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- ڕەسول، عەبدوڵلا حسێن(٢٠١٥)، دەروزمانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٧)، هەولێر
- واحد، ڕزگار و ڕەسوڵ، بابە ڕەسول نووری(٢٠١٣)، تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٣)، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحد مشیر(٢٠١٤)، زمانەوانیی دەرونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- کانەبی، دلێر سادق(٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- محمد، دارا حەمید(٢٠١٠)، واتاسازی(هەندێ لایەنی سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
- کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٠٨)، لە گەرمەی نێو دەستنووسەوە تا ئاوێتە بوون بە حیکایەت، گۆڤاری ئایندە، ژمارە(٧٨)، سلێمانی.
- خۆشناو، فەرهاد عەزیز(٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- باخەوان، هاورێ(٢٠٠٣)، کوردستان نیشتیمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- حەمە غەریب، سازان جەوهەر(٢٠١٩)، ئەفسانەی کوردی لەژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- موکری، کامەران(١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب(٢٠٠٧)، زمانی ڕەمز ئامێز و هەڵچوون ئامێز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢)، هەولێر.
– ساڵەیی، موعتەسەم(٢٠٠٥)، لە حیکایەتەکانی ناوچەی گەرمیان(خەونەکەی پاشا)، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(١٢)، هەولێر.
- عایشەخان(٢٠٠٥)، ئەفسانەی نیقابپۆش، کۆکردنەوەی: حەمەغەریب، سازان جەوهەر، کەرکوک.
- ساڵح، خەسرۆ حاجی(٢٠٠٥)، ئەفسانەی پاشا و خاوەن گوێدرێژ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(١٢)، هەولێر.
- متوحی، وەیسی(٢٠١٤)، ڕاز (کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- حەسەن، ئیبراهیم(٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خۆشناو، بایز ئەحمەد(٢٠٠٧)، هەقایەتی (مەلا جیمی)، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(٢٥)، هەولێر.
- ئەحمەد، ئارارات(٢٠٠٨)، قوتووی عەتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- بەرزنجی، عەدنان(٢٠٠٧)، چیرۆکی فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل(٢٠٠٨)، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣- بة زمانی عةرةبی :
ـ عبدالتواب، إيمن (٢٠١٩) ،الأسطورة الأغريقية من النشأة الى التفسير،القاهرة .
ـ ايلياد، ميرسيا (١٩٩٥)، ملامح من الأسطورة، ت: كاسوحة، حسيب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق .
ـ بارد،رولان(١٩٩٠)،الأسطورة اليوم ، ت:الغرفي، حسن، طبع الأول، دار افاق عربية، بغداد .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- المليجى، حلمى(١٩٧٢)، علم النفس المعاصر،دار نهضة العربية، طبع الثانى، بيروت .
- مصطفوي،محمد (٢٠١٤)، الدين والأسطورة،الإنتشار العربي،طبع الأول،بيروت،لبنان .
- السواح،فراس(٢٠٠١)،الأسطورة والمعنى،طبع الأول، دار علائدالدين للنشر ،دمشق .
- سيدا ،عبدالباسط (١٩٩٥) ،منالوعي الأسطوري الى بدايات الفلسفي النظري ، طبع الأول ، دار الحصاد للنشر، نوريا .
- الضامن ،حاتم صالح (١٩٨٩ ) ، علم اللغة ، طبع الاول ، بمطبعة التعليم العالى بالموصل.
- أفيتش، ملكا (٢٠٠٠) ،اتجاهات البحث اللساني ،ت :مصلوح ،سعيد عبدالعزيز و فايد، وفا كامل، طبع الثانى،الالمجليس الاعلى للثقافة ، الجزائر .
- هول،كالفن ( ١٩٨٨ )، مبادىء علم النفس الفرويد ، ت: الكيل ، دحام ، طبع الثالث ، مطبعةالرصافى ، بغداد .
- يونس، محمد محمد ( ٢٠٠٤ )، مدخل الى اللسانيات، طبع الأول ، دار الكتب الجديد المتحدة ، بيروت ، لبنان .
- محسب، محى الدين ( ٢٠٠٨ ) ، إنفتاح النقس اللاني ، طبع الأول ، دار الكتاب الجديدة المتحدة ، بيروت .
- الخولى، محمد علي ( ٢٠٠٨ )، ساليب تدريس اللغة العربية، طبع الثاني، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان .
- العصيلي، عبدالعزيز ابراهيم(٢٠٠٦)،علم اللغة النفسي، طبع الأول، الرياض، سعودية .
- يوسف، جمعة سيد(١٩٩٠)، سايكولوجية اللغة والمرض العقلى، سلسلة عالم المعرفة، العدد(١٤٥)،الكويت.
- عيادة، شكرى محمد(١٩٨٨)، اللغة الإبداع، ظبع الأول، مبادي علم الأسلوب العربي .
- محمد، سعيدى(١٩٩٨)، الأدب بين النضرية والتطبيق، ديوان المطبوعات، الجزائر .

**٢- به زمانى فارسى:**

- بهار، ميهرداد(١٣٧٥)، پژوهشى دا اساتير ايران، انتشارات اساتير، چاپ اول، تهران.

**٤-به زمانى ئينگليزى:**

- j. Richards(2003), Longman Dictionry of Contemporary English, 4thed, Iran.
-J, Lyons(1987), Language and Linguistics: An intrducation, Cambridge university press>
- D.Crystal(2003), A Dictionary of Linguistic and phonetic, black well publishing, fifth Edition.
- J.Richards(1997), Longman Dictionary Language and Teaching and applied Linguistics, 2nd Edition, Essex, uk: Longman.

**المصادر:**

**أ- باللغة الكردية:**

- حسن، مولود إبراهيم (٢٠٢٠)، بنية الأسطورة الكردية، الطبعة الثانية، طهران.
- .................................. (٢٠٠٢)، البحث عن الخلود، الطبعة الأولى، مطبعة آراراس، أربيل.
- مولود، عبد الله خضر (٢٠١٢)، الأساطير تحكي، الطبعة الأولى، مطبعة الشرق، أربيل.

· رسول، عز الدين مصطفى (٢٠١٠)، دراسة في الأدب الفولكلوري الكردي، الطبعة الثانية، مطبعة آراراس، أربيل.
· جيجني، زريان محمد وبيربال، سازان صباح (٢٠٢٢)، الأسطورة في وسط الأديان الكردية، مجلة الأكاديمية الكردية، العدد (٥٠)، أربيل.
· كامبل، جوزيف(٢٠٢٠)، البطل بألف وجه، ترجمة: بلال، صلاح حسن، الطبعة الأولى، مطبعة سردم، السليمانية.
· مصطفى، إدريس عبد الله وحميد، دلاور عمر(٢٠٢٢)، البعد الأسطوري في شعر (الحاج قادري الكويي)، مجلة الأكاديمية الكردية، العدد (٥٣)، أربيل.
· عباس، محمد سليمان(٢٠٢١)، عالم الأسطورة، الطبعة الأولى، مطبعة الثقافة، أربيل.
· صابر، بريشان خالد(٢٠١٧)، البعد الأسطوري في المهد الكردي، الطبعة الأولى، مطبعة الثقافة، أربيل.
· قرة جاتاني، كريم شريف(٢٠١٥)، علم النفس العام، الطبعة الرابعة، مطبعةبيرميرد، السليمانية.
· عزيز، عزالدين أحمد(٢٠١٤)، مبادئ علم النفس العام، الطبعة الخامسة، مطبعة الشرق، أربيل.
· إسماعيل، ريبين رسول وشريف، ديار عزيز (٢٠٠٤)، الأنثروبولوجيا، الطبعة الأولى، مطبعة رانج، السليمانية.
· الدزئي، عبد الواحد مشير (٢٠٠٩)، تأثير النفس في مجال الإعلام، الطبعة الأولى، مطبعة آراراس، أربيل.
· عارف، إيفين سامي (٢٠١١)، تأثير الحالة النفسية على لغة الكلام، رسالة ماجستير، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية، جامعة صلاح الدين، أربيل.
· صالح، درون عبد الرحمن (٢٠٢٠)، دور اللغة في توجيه الجانب النفسي للفرد، الطبعة الأولى، مطبعة شفان، السليمانية.
· ميديا (١٩٨٩)، مدخل إلى علم اللغة، الجزء الأول، الطبعة الأولى، السليمانية.
· قرة جاتاني، كريم شريف (٢٠٠٩)، علم نفس النمو، الطبعة الأولى، مطبعة البيوند، السليمانية.
· عبد الله، بشرو (٢٠١٣)، تحليل النفس الشعر، الطبعة الأولى، مطبعة الحاج هاشم، نشر الأكاديمية الكردية، أربيل.
· رسول، عبد الله حسين (٢٠١٥)، علم النفس اللغوي، مجلة اللغويات، العدد (١٧)، أربيل.
· واحد، رزكار ورسول، بابي رسول نوري (٢٠١٣)، فهم التعبيرات اللغوية من منظور علم اللغة النفسي، مجلة الأكاديمية الكردية، العدد (٢٣)، أربيل.
· الدزئي، عبد الواحد مشير (٢٠١٤)، علم اللغة النفسي، الطبعة الأولى، مطبعة آوير، أربيل.
· الكانبي، دلير صادق (٢٠٠٩)، بعض الانزياح اللغوي لدى ثلاثة شعراء كرد حداثوين، الطبعة الأولى، مطبعة مكريان، أربيل.
· محمد، دارا حميد (٢٠١٠)، علم الدلالة (بعض الجوانب الدلالية والتداولية للكردية)، الطبعة الأولى، مطبعة زير، السليمانية.
· كس نزاني، بشرى (٢٠٠٨)، من حرارة المخطوطة إلى الاختلاط بالحكاية، مجلة إينده، العدد (٧٨)، السليمانية.

· خوشناو، فرهاد عزيز (٢٠١٣)، الخلق والموت في الأسطورة الكردية، الطبعة الأولى، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
· باخهوان، هاواري (٢٠٠٣)، كردستان موطن السومريين الأول، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية، أربيل.
· حمه غريب، سازان جوهار (٢٠١٩)، الأسطورة الكردية تحت ضوء علم النفس، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية، جامعة صلاح الدين، أربيل.
· الموكري، كامران (١٩٨٤)، الأدب الفولكلوري الكردي، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.
· عبد الله، عبد المتعال (٢٠٠٧)، اللغة الرمزية والتعبيرية، مجلة رامان، العدد (١٢)، أربيل.
–السايلجي، معتصم (٢٠٠٥)، من حكايات منطقة كرميان (حلم الملك)، مجلة آسو التربوية، العدد (١٢)، أربيل.
· عائشة خان (٢٠٠٥)، أسطورة ذات القناع، جمع: حمه غريب، سازان جوهار، كركوك.
· صالح، خسرو حاجي (٢٠٠٥)، أسطورة الملك وصاحب الأذن الواعية، مجلة آسو التربوية، العدد (١٢)، أربيل.
· المتوجي، وسي (٢٠١٤)، السر (مجموعة من القصص الفولكلورية الكردية)، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مطبعة الموكرياني، أربيل.
· حسن، إبراهيم (٢٠١٢)، انعكاس التراث في الرواية الكردية، الطبعة الأولى، مطبعة الشرق، أربيل.
· خوشناو، بايز أحمد (٢٠٠٧)، حقيقة (ملا جمي)، مجلة آسو التربوية، العدد (٢٥)، أربيل.
· أحمد، أرارات (٢٠٠٨)، زهرة العطر، الطبعة الأولى، مطبعة آراراس، أربيل.
· البرزنجي، عدنان (٢٠٠٧)، القصص الفولكلورية لمنطقة أردلان، الطبعة الأولى، مؤسسة النشر والطباعة سردم، السليمانية.
· عزيز، ريجنة إسماعيل (٢٠٠٨)، التسمية والإحساس في اللغة الكردية، رسالة ماجستير، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية، جامعة صلاح الدين، أربيل.

**ب- باللغة العربية:**

· عبد التواب، أيمن (٢٠١٩)، الأسطورة الإغريقية من النشأة إلى التفسير، القاهرة.
· إلياد، ميرسيا (١٩٩٥)، ملامح من الأسطورة، ت: كاسوحة، حسيب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
· بارت، رولان (١٩٩٠)، الأسطورة اليوم، ت: الغرافي، حسن، الطبعة الأولى، دار آفاق عربية، بغداد.
· المليجي، حلمي (١٩٧٢)، علم النفس المعاصر، دار النهضة العربية، الطبعة الثانية، بيروت.
· مصطفوي، محمد (٢٠١٤)، الدين والأسطورة، الانتشار العربي، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.
· السواح، فراس (٢٠٠١)، الأسطورة والمعنى، الطبعة الأولى، دار علاء الدين للنشر، دمشق.
· سيدا، عبد الباسط (١٩٩٥)، من الوعي الأسطوري إلى بدايات الفلسفي النظري، الطبعة الأولى، دار الحصاد للنشر، نوريا.
· الضامن، حاتم صالح (١٩٨٩)، علم اللغة، الطبعة الأولى، مطبعة التعليم العالي، الموصل.

· أفيتش، ملكا (٢٠٠٠)، اتجاهات البحث اللساني، ت: مصلح، سعيد عبد العزيز وفايد، وفاء كامل، الطبعة الثانية، المجلس الأعلى للثقافة، الجزائر.
· هول، كالفن (١٩٨٨)، مبادئ علم النفس الفرويدي، ت: الكيل، دحام، الطبعة الثالثة، مطبعة الرصافي، بغداد.
· يونس، محمد محمد (٢٠٠٤)، مدخل إلى اللسانيات، الطبعة الأولى، دار الكتب الجديدة المتحدة، بيروت، لبنان.
· محسب، محيي الدين (٢٠٠٨)، انفتاح النفس اللاني، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت.
· الخولي، محمد علي (٢٠٠٨)، أساليب تدريس اللغة العربية، الطبعة الثانية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان.
· العصيلي، عبد العزيز إبراهيم (٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الأولى، الرياض، السعودية.
· يوسف، جمعة سيد (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، العدد (١٤٥)، الكويت.
· عيادة، شكري محمد (١٩٨٨)، اللغة الإبداع، الطبعة الأولى، مبادئ علم الأسلوب العربي.
· محمد، سعيدي (١٩٩٨)، الأدب بين النظرية والتطبيق، ديوان المطبوعات، الجزائر.

**ج- باللغة الفارسية:**

· بهار، ميهر داد (١٣٧٥ هـ.ش)، بحث في أساطير إيران، انتشارات أساطير، الطبعة الأولى، طهران.

**د- باللغة الإنجليزية:**

· ريتشاردز، ج. (٢٠٠٣). قاموس لونجمان المعاصر للغة الإنجليزية (الطبعة الرابعة). إيران.
· ليونز، ج. (١٩٨٧). اللغة واللسانيات: مقدمة. مطبعة جامعة كامبريدج.
· كريستال، د. (٢٠٠٣). قاموس اللسانيات والصوتيات (الطبعة الخامسة). نشر بلاكويل.
· ريتشاردز، ج. (١٩٩٧). قاموس لونجمان لتعليم اللغة واللسانيات التطبيقية (الطبعة الثانية). إسيكس، المملكة المتحدة: لونجمان.

**-References:**

**A. In Kurdish:**

·Hassan, Mouloud Ibrahim (2020). The Structure of Kurdish Myth. Second Edition. Tehra
.........(٢٠٠٢) The Search for Immortality.First Edition. Aras Press. Erbil.
·Mouloud, Abdullah Khdir (2012). Myths Retold. First Edition. Al-Sharq Press. Erbil.
·Rasul, Izz al-Din Mustafa (2010). A Study in Kurdish Folklore Literature. Second Edition. Aras Press. Erbil.
·Jijni, Ziryan Mohammed & Pirbal, Sazan Saba (2022). Myth Among Kurdish Religions. Kurdish Academy Journal. (50). Erbil.
·Campbell, Joseph (2020). The Hero with a Thousand Faces. Trans: Balal, Salah Hassan. First Edition. Sardam Press. Sulaymaniyah.

·Mustafa, Idris Abdullah & Hameed, Dlawar Omar (2022). The Mythical Dimension in the Poetry of (Haji Qadri Koyi). Kurdish Academy Journal. (53). Erbil.
·Abbas, Mohammed Suleiman (2021). The World of Myth. First Edition. Al-Thaqafa Press. Erbil.
·Sabir, Parishan Khalid (2017). The Mythical Dimension in the Kurdish Lullaby. First Edition. Al-Thaqafa Press. Erbil.
·Qarachatani, Karim Sharif (2015). General Psychology. Fourth Edition. Piremerd Press. Sulaymaniyah.
·Aziz, Izz al-Din Ahmed (2014). Principles of General Psychology. Fifth Edition. Al-Sharq Press. Erbil.
·Ismail, Ribin Rasul & Sharif, Diar Aziz (2004). Anthropology. First Edition. Ranj Press. Sulaymaniyah.
·Al-Dizai, Abdul Wahid Mushir (2009). Psychological Influence in the Field of Media. First Edition. Aras Press. Erbil.
·Arif, Avin Sami (2011). The Effect of Psychological State on Speech Language. Master's Thesis. College of Languages, Kurdish Department, Salahaddin University. Erbil.
·Salih, Drun Abdulrahman (2020). The Role of Language in Directing the Individual's Psychological Aspect. First Edition. Shvan Press. Sulaymaniyah.
·Media (1989). An Introduction to Linguistics. Volume One. First Edition. Sulaymaniyah.
·Qarachatani, Karim Sharif (2009). Developmental Psychology. First Edition. Paywand Press. Sulaymaniyah.
·Abdullah, Peshraw (2013). Psychoanalysis of Poetry. First Edition. Haji Hashim Press, Kurdish Academy Publications. Erbil.
·Rasul, Abdullah Hussein (2015). Psycholinguistics. Linguistics Journal. (17). Erbil.
·Waheed, Rizgar & Rasul, Babi Rasul Nuri (2013). Understanding Linguistic Expressions from a Psycholinguistic Perspective. Kurdish Academy Journal. (23). Erbil.
·Al-Dizai, Abdul Wahid Mushir (2014). Psycholinguistics. First Edition. Awir Press. Erbil.
·Al-Kanabi, Dalir Sadiq (2009). Some Linguistic Deviations in Three Kurdish Modernist Poets. First Edition. Mukriyan Press. Erbil.
·Mohammed, Dara Hameed (2010). Semantics (Some Semantic and Pragmatic Aspects of Kurdish). First Edition. Zhir Press. Sulaymaniyah.
·Kasnazani, Bushra (2008). From the Heat of the Manuscript to Blending with the Tale. Ainde Magazine. (78). Sulaymaniyah.

·Khoshnaw, Farhad Aziz (2013). Creation and Death in Kurdish Myth. First Edition. Haji Hashim Press. Erbil.
·Bakhawan, Hawre (2003). Kurdistan is the First Homeland of the Sumerians. First Edition. Ministry of Education Press. Erbil.
·Hama Gharib, Sazan Jawahar (2019). Kurdish Myth in the Light of Psychology. PhD Dissertation. College of Languages, Kurdish Department, Salahaddin University. Erbil.
·Al-Mukri, Kamaran (1984). Kurdish Folklore Literature. First Edition. Salahaddin University Press. Erbil.
·Abdullah, Abdul Mutalib (2007). Symbolic and Expressive Language. Raman Journal. (12). Erbil.
·Al-Saylihi, Mutasim (2005). From the Tales of the Garmian Region (The King's Dream). Asso Educational Magazine. (12). Erbil.
·Aisha Khan (2005). The Veiled Myth. Collector: Hama Gharib, Sazan Jawahar. Kirkuk.
·Salih, Khasraw Haji (2005). The Myth of the King and the Attentive Listener. Asso Educational Magazine. (12). Erbil.
·Al-Mutawi, Wasi (2014). The Secret (A Collection of Kurdish Folklore Stories). Volume One. First Edition. Al-Mukriyani Press. Erbil.
·Hassan, Ibrahim (2012). The Reflection of Heritage in the Kurdish Novel. First Edition. Al-Sharq Press. Erbil.
·Khoshnaw, Bayiz Ahmed (2007). The Truth of (Mala Jimi). Asso Educational Magazine. (25). Erbil.
·Ahmed, Ararat (2008). The Flower of Perfume. First Edition. Aras Press. Erbil.
·Al-Barzinji, Adnan (2007). Folklore Stories of the Ardalan Region. First Edition. Sardam Publishing and Printing Foundation. Sulaymaniyah.
·Aziz, Rijna Ismail (2008). Naming and Sensation in the Kurdish Language. Master's Thesis. College of Languages, Kurdish Department, Salahaddin University. Erbil.

**B. In Arabic:**

·Abdul Tawab, Ayman (2019). The Greek Myth from Origin to Interpretation. Cairo.
·Eliade, Mircea (1995). Aspects of Myth. Trans: Kasouha, Haseeb. Ministry of Culture Publications. Damascus.
·Barthes, Roland (1990). Myth Today. Trans: Al-Ghurafi, Hassan. First Edition. Dar Afaq Arabiya. Baghdad.
·Al-Miliji, Hilmi (1972). Contemporary Psychology. Dar Al-Nahda Al-Arabiya. Second Edition. Beirut.

·Mustafawi, Muhammad (2014). Religion and Myth. Al-Intishar Al-Arabi. First Edition. Beirut, Lebanon.
·Al-Suah, Firas (2001). Myth and Meaning. First Edition. Dar Ala' al-Din for Publishing. Damascus.
·Sayda, Abdul Basit (1995). From Mythical Consciousness to the Beginnings of Theoretical Philosophy. First Edition. Dar Al-Hisad for Publishing. Nouriya.
·Al-Damin, Hatem Salih (1989). Linguistics. First Edition. Higher Education Press. Mosul.
·Avic, Malaka (2000). Trends in Linguistic Research. Trans: Maslouh, Saeed Abdulaziz & Fayad, Wafa Kamil. Second Edition. Supreme Council for Culture. Algeria.
·Hall, Calvin (1988). Principles of Freudian Psychology. Trans: Al-Keil, Daham. Third Edition. Al-Rasafi Press. Baghdad.
·Younis, Mohammed Mohammed (2004). Introduction to Linguistics. First Edition. United New Books House. Beirut, Lebanon.
·Muhsib, Muhyi al-Din (2008). The Openness of the Linguistic Self. First Edition. United New Book House. Beirut.
·Al-Khuli, Mohammed Ali (2008). Methods of Teaching Arabic. Second Edition. Dar Al-Falah for Publishing and Distribution. Amman.
·Al-Usaili, Abdulaziz Ibrahim (2006). Psycholinguistics. First Edition. Riyadh, Saudi Arabia.
·Youssef, Gomaa Sayed (1990). The Psychology of Language and Mental Illness. Alam Al-Maarifa Series. (145). Kuwait.
·Iyada, Shukri Mohammed (1988). Language and Creativity. First Edition. Principles of Arabic Stylistics.
·Mohammed, Saidi (1998). Literature between Theory and Application. Diwan of Publications. Algeria.

**C. In Persian:**

·Bahar, Mehrdad (1375 A.P./1996). A Research on Iranian Myths. Asatir Publications. First Edition. Tehran.

**D. In English:**

·Richards, J. (2003). Longman Dictionary of Contemporary English (4th ed.). Iran.
·Lyons, J. (1987). Language and Linguistics: An Introduction. Cambridge University Press.
·Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics and Phonetics (5th ed.). Blackwell Publishing.
·Richards, J. (1997). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics (2nd ed.). Essex, UK: Longman.